حکومەتی هەرێمی کوردستان -عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلێژی ئاداب

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک

(توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر)

پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (کۆمەڵناسی ) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە (کۆمەلناسی)

ئامادەکراوە لە لایەن:

**سارا شێروان هەینی**

**سۆزان صباح سلیمان**

سەرپەرشتیار:

**م.ی . روستم صابیر مصطفی**

2023-2024

## پێشکەشکردن:

- پێشکەشی دەکەین بە مامۆستای سەرپەرشتیار(م. ی. روستم صابیر مصطفی) .
- پێشکەشی دەکەین بە مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی – کۆلیژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین .
- پێشکەش بەو کەسەی ئەم توێژینەوەیە دەخوێنتەوە.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خودای میهرەبان کە لە تەنهاترین کاتەکاندا هەمیشە لەگەڵماندایە.

- سوپاس بۆ سەرپەرشیتیاری توێژینەوەکەمان (م.ی/رۆستەم صابیر مصطفی) بۆ تێبینی وسەرنجەکانی لە سەر توێژینەوەکە، کە توێژینەوەکەی دەولەمەندترکرد.

- سوپاس بۆ سەرجەم ئەو هاورێ و دۆست و ناسراوانەی کە هاوکار و یارمەتی دەرمان بوون.

# پوختەی توێژینەوە

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک دا، کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر لە قوتابخانەکانی ئامادەیی ڕزگاری کوران و ئامادەیی هەولێری کچان .

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەستوە بە میتۆدی (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە). کە نموونەی توێژینەوە پێکهاتەوە لە قوتابیانی هەردوو قوتابخانەی ئامادەیی ڕزگاری کوران و ئامادەیی هەولێری کچان، کە قەبارەی نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (٥٠) قوتابی ، کە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردراون، توێژەران پشتیان بەستووە بە پرسیارنامە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان کە پێکهاتووە لە (٢٤) بڕگە و بۆ هەر بڕگەیەک (٣) بژاردە بەردەستن ، ئەوانیش ( بەڵێ، تاڕادەیەک ، نەخێر). لەم توێژینەوەیە ئامرازی ئاماری ڕێژەیی سەدی ، ناوەندە ژمێری بەکارهاتووە .

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن، کە دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێگەیاندنی تاکی کۆمەڵگا هەیە، هەروەها ئەوە پیشان دەدەن کە قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ڕۆڵی لە پەروەردە و فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ڕەفتاری قوتابیان هەیە، کە ژینگەی قوتابخانە لە ڕێگای پەیڕەو پرۆگرامەکانیەوە توانا هزریەکانی تاک پەرەپێدەدات و ئاستی ڕۆشنبیریان بەرز دەکاتەوە، هەروەها خێزان وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بەرهەمی دروستکردنی تاکێکی تەندروستە و رۆڵیشی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی ڕەفتاری تاک. لە کۆتای دا توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیازی خستۆتەروو بۆ توێژەران و لایەنی پەیوەندیدار.

## پێڕست


| بابەتەکان | ژمارە |
| --- | --- |
| پێشکەشکردن | آ |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پوختەی توێژینەوە | ت |
| پێرست | ث_ج |
| پێشەکی | ١ |
| **دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە** | **٢** |
| بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان<br>باسی یەکەم؛ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە<br>١_گرفتی توێژینەوکە<br>٢_گرنگی توێژینەوەکە<br>٣-ئامانجی توێژینەوەکە | ٣_٤ |
| باسی دووەم/پێناسەکردنی چەمکەکان<br>١_ ڕۆڵ<br>٢_ دامەزراوە<br>٣_ پەروەردە<br>٤_ دامەزرواوەی پەروەردە | ٥_٧ |
| ٥ _ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی | ٧-٨ |
| **بەشی دووەم / توێژینەوەکانی پێشوو** | |
| یەکەم/ توێژینەوە کوردستانییەکان | ٩-١٢ |
| دووەم/ توێژینەوە عەرەبیەکان | ١٢_١٣ |
| سێیەم/ توێژینەوە بیانییەکان | ١٣_١٤ |

| | |
|---|---|
| چوارەم/ تاوتوێکردنی توژینەوەکانی پێشووتر | ١٤ |
| **بەشی سێیەم / دامەزراوە پەروەردەییەکان و دەرهاوێشتەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی** | |
| باسی یەکەم/ ئەرکەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان | ١٥ |
| یەکەم: خێزان وەک دامەزراوەیەکی پەروەردە | ١٦-١٨ |
| دووەم : قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەدەیی | ١٨-٢١ |
| ژینگەی قوتابخانەو قوتابخانەکان | ٢٢ |
| سێیەم: ژینگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هاورێیان | ٢٢-٢٤ |
| باسی دووەم/ کاریگەری پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی کەسایەتی تاک | ٢٥-٢٨ |
| **دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | **٢٩** |
| بەشی چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێوشوێنەکانی مەیدانی<br>یەکەم/ میتۆدی توێژینەوە<br>دووەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوە<br>کۆمەڵگای توێژینەوە<br>بوارەکانی توێژینەوە<br>سێیەم /نموونەی توێژینەوە | ٣٠_٣١ |
| چوارەم/ ئامرازەکان کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییەکان | ٣٢ |
| بەشی پێنجەم/خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان<br>باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان<br>باسی دووەم/ خستنەڕووی زاتیارییە تایبەتیەکان | ٣٣_٤٨ |
| باسی سێیەم/ئەنجام و پێشنیاروو ڕاسپاردەکان | ٤٩_٥٠ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٥١_٥٣ |
| **پاشکۆکان** | ٥٤_٥٦ |

# پێشەکی

ئیشـــی ســــەرەکی دامەزراوەی پەروەردەیی لە ئەســـتۆگرتنی بەرپرســـیاریێتی پەروەردەی و فێرکاری منداڵ و هەرزەکار و تاکەکانە، کە یەکێک لەبابەتە گرنگەکانی ئەمڕۆ باســـکردنی پەروەردەیە، بەدرێژایی مێژوو پەروردەکردنی منداڵ باســـێکی گرنگ بووە، چونکە مرۆڤ لە لەدایک بوونیەوە کە بونەوەرێکی بـایۆلۆجیـە لە ڕێگەی پەروەردەوە دەکرێت بە بونەوەرێکی کۆمەلایەتی، سـەرەتا خێزان سـەنتەری پەروەردە بووە پاشـان بەهۆی گۆڕانکاری لە شـێوازی ژیان و گۆڕانی پیشــەکان، بەدامەزراوەکردنی زۆرێک لە سـیسـتـەمەکان پەروەردەش تەنیا لە چوارچێوەی خێزاندا نەمایەوە بەڵکو ئەم ئەرکە دابەش بوو بەسەر دامەزراوەکاندا، وەکو خێزان دامەزراوەی قوتـابخـانە، دامەزراوەی ئـاییـنی، گرووپی هـاوڕێیـان و میـدییـا، کە تـاک تێدا بە پرۆســـەی کۆمەڵایەتیبوون تێپەر دەبێ، بۆیە ئامانج لە پەروەردە، پەرەپێدان وگەشـــەکردنی تواناکانی تاک لە سەرجەم لایەنەکانیەوە زهنی، دەروونی، جەستەی، کۆمەلایەتی، سۆزداری، مەعرفی، هەلسوکەوت و کەسایەتی تاک، لەپێناو گەشەپێدانی وبەرەوپێشچوونی کۆمەلگادا .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی توێژەرە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک، توێژینەوەکەمان لە دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی پێکهاتووە. لایەنی تیۆری ئەم ئەم توێژینەوەیە لە چەند بەشێک پێک دێت: بەشی یەکەم پێک دێت لە ڕەهەندەکانی توێژینەوە و ناسینەوەی چەمکەکان، باسی یەکەم ڕەهەندەکانی توێژینەوە (گرفت، گرنگی، ئامانج). باسی دووەم لەسەر ناساندنی چەمکەکانی (ڕۆڵ، دامەزراوە، پەروەردە، دامەزراوەی پەروەردە، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی). بەشی دووەم تایبەتە بە توێژینەوەکانی پێشووی (کوردی، عەرەبی، بیانی)دەخاتەڕوو، بەشی سێیەم خۆی دەبینێتەوە ئەرکەکانو جۆرەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان و کاریگەری پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە دروستکرنی کەسایەتی تاک. بابەتی پراکتیکی دووەم، لە بەشی چوارەمدا: میتۆدی توێژینەوەو ڕێوشوێنەکانی، کە لە کۆمەڵگای توێژینەوە و هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەو شێوازەکان، بوارەکان و میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، ئامرازە ئامارییەکان پێکهاتووە، لەبەشی کۆتایدا پێشکەشکردنەکان دەخرێنەڕوو، وە شیکردنەوەی زانیاریەکان و دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان و ڕاسپاردەی دەستکەوتوەکانی توێژینەوەکە.

## دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

یەکەم / گرفتی توێژینەوەکە

دووەم / گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

### باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکان

یەکەم/ دامەزراوە

دووەم / پەروەردە

سێیەم / دامەزراوەی پەروەردە

چوارەم/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

## بەشی یەکەم ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەو دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم / گرفتی توێژینەوەکە

کۆمەلگا پێکهاتەیەکە و لەکۆمەلێک سیستەم پێکدێت  هەر سیستەمێک چەندین دامەزراوەی تایبەت بەخۆی هەیە هەر دامەزراوەیەکیش چەندین ئەرک ئەنجام دەدات ،یەکێک لەم سیستمانەی کۆمەلگا،سیستەمی پەروەردەیە، کە لە رێگایی دامەزراوەیەکی وەک قوتابخانە ئەرکە کەێ بە ئەنجام دەگەیەنێت،هەر لەم چوار چێوەیەدا قوتابخانە یەکێکە لە ئامرازەکانی گەشەپێدانی پەروەردەی و کۆمەلایەتی تاک.بەتایبەت  بەرزکردنەوەی ئاست و توانستی قوتابیان،لەریگەی ئەو پێرەو پرۆگرامانەی کە سیستەمە دامەزراوەییەکان دای دەڕێژن ،لەگەل ئەمەشدا ئەم دامەزراوە پەروەردەییانە ڕووبەرووی چەندین گرفت و بەربەست دەبنەوە کە بەشێکیان گرفتی پەروەردەی و کۆمەلایەتیەکانە هەر بۆیە ڕۆلی ئەم دامەزراوە پەروەردەییانە وەک رێنیشاندەرێک دەبن ،بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتانە.لەم توێژینەوەیەدا توێژەران گرنگی بەم دیاردەیە دەدەن لە رێگایی وڕووژاندنی چەند پرسیاریک لەم ڕوانگەیەوە، کە بەم شێوەیە پرسیارەکانی گرفتی توێژینەوەکە دەخەنە روو:

١-ئایا دامەزراوە پەروەردەییەکان رۆلیان هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک ؟

٢-ئایا ژینگەی خێزان ڕۆلی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی هەلسوکەوتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە؟

### دووەم / گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەک گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە ، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:

### ١-گرنگی تیۆری

گرنگی ئەم لایەنە خۆی دەبینێتەوە لە جەختکردن لەســـەر شــیکردنەوەیەکی تیۆری بۆ بوارەکان ولایەنەکانی ئەم توێژینەوە ئەمەش بەسوود وەرگرتن بەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان یاخود گرنگیان بەلایەنێک لە لایەنەکانی ئەم بابەتە داوە ،کە توێژینەوە لەســـەر ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان و کاریگەریان لەســـــەر پێگەیاندنی کۆمەلایەتی تاکدا.دەبێتە هۆی زیاد کردنی مەعریفەی زانستی لە کۆمەلناسیدا بەتایبەتی لە بواری کۆمەلناسی پەروەردەیی

### ٢-گرنگی مەیدانی

گرنگی ئەم لایەنە دەگەرێتەوە بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە کراوە،لە ڕرێگـای شـــیکردنەوەیەکی بـابەتیـانە بۆ ئەو زانیـاریـانەی بەدەستهاتوون، دواتر خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان لەگەل تیشک خستنە سەر ئەنجامەکان و پێشــنیار و راســپاردەکان و کەڵەکەبونی زانســـت ومەعریفە پەیوەســـت بەبابەتەکە،ئەمەش بەمەبەســـتی پەرەپێدانی ئەم دامەزراوانە لەلایەنی پەروەردەیی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەل قوتابیان، لەلایەن قوتابخانەوە.

### سێیەم /ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١- دەرخستنی پەیوەندی ڕۆلی دامەزراوە پەروەردەییەکان رەنگدانەوەی لە پێگەیاندنی کۆمەلایەتی تاک.

٢-خستنەڕووی ڕۆلی دامەزواوە قوتابخانەیەکان پەیوەندیان بە نموونمە توێژینەوە.

٣-دەرخستنی ڕۆلی ژینگەی خێزان لە درووستکردنی کەسایەتی نموونمەی توێژینەوەکەمان.

**باسی دووەم / دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**١- ڕۆڵ**

ڕۆل: بریتییە لە ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراوی تاک لە ناو کۆمەڵدا لە کەسێکی کارا یان چالاک لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا. ( بدوی، ٢٠٢٠ ، ٣٩٥).

(لیمیان) پێناسەی ڕۆڵ دەکات بەوەی کە ڕێکخیستنی ئاراستەکان و ئەو تاکانەیە کە لە سیستمی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیدا سەر بە دۆخێکی دیاریکراون. (معایته، ٢٠١٣، ٣٢٧).

پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی ڕۆڵ: بریتییە لەو ڕەفتارانەی کە تاک ئەنجامی دەدات لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، بە پێی ئەو یاسا و سیستەمەی کۆمەڵ بۆی دیاری کردووە لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

**٢_ دامەزراوە**

دامەزراوە بریتیە لە کۆمەلیک یان گروپێکی رێکخراوەی کە لەسەر بنەمایی جێبەجێکردنی ئامانجی هاوبەش یاخود ئامانجی کۆمەلیک خەلک کەئینتمایان بۆ ئەو دامەزراوەیە هەیە.(شهاب،١٩٨٢، ل٩٥٢).

دامەزراوە بریتیە لە کۆمەڵێک یاخود گروپێک کە بەیەکەوە کار دەکەن زۆر سەقامگیرن و خاوەن دەستوور و یاسای تایبەت بە خۆیانن وەک خێزان، قوتابخانە، شوێنەکانی پەرستن، بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت، بەشی خزمەتگوزارییە گشتیەکان نیشتمانپەروەری. (ناصر ، ١٩٨٠، ل ٧٢).

پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی دامەزراوە : دامەزراوە بریتیە لە گروپێکی ڕێکخراوەی کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری کۆمەڵێک تاک لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەکات،واتا ڕەفتارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا دیاری دەکەن، ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆی هەیە،خاوەنی ئامانجی

تایبەت بە خۆیانن ،ئەرکی گرنگ بۆ کۆمەڵگا لە ئەستۆ دەگرن، وەک دامەزراوەکانی ؛ خێزان ، پەروەردە ، ئابوری ، ئاینی.

## ٣- پەروەردە (Education)

پەروەردە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە ،کاریگەری کارای خێزان و قوتابخانە دیاری دەکا لە بواری گەشەپێدانی نەوەی نوێ ،ئەگەر جەستەیی یان ئەقڵی یاخود ڕەوشتی بێت بۆ ئەوەی تاک ژیانێکی ئاسایی بژێت لە ژینگەکەیدا. (بەدەوی ،٢٠٢٠،ل:٢٢٩).

پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیانەی ئامانجدار خاوەن چەند قۆناغ و ئامانجێکە، چەند نێوەندێک بە شێوەیەکی ناڕەسمی پێی هەڵدەستن ،لە نموونەی خێزان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ماڵەکانی پەرستش و دەزگاکانی دیکەی کۆمەڵگا ،یان بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە پێی فەلسەفەو ئامانج گەلێکی دیاریکراوو ، ڕوون و شێواز و هۆکارەکانی هێنانەدی ئەم ئامانجانە ،وەک دامەزراوە ڕەسمیە پەروەردەیەکان . (سەمیرە، ٢٠٠٦ ، ل:٩٢ ).

(جۆن دیوی) بەم شێوەیە پێناسەی پەروەردە دەکات کە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ بوونیادنانی ئەزموون و شارەزایی بە مەبەست و قووڵبوونەوەی لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکەی، لە هەمان کات دا تاک ڕێکخراوەیی ترو پابەنتر دەبیت ، بەو ڕیگا و بنەمایانەی کە لە شێوە زانستیەکەی هەیەتی (وین ،١٩٦٤، ل٥٦_٥٧).

پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی پەروەردە: پەروەردە پرۆسەی گونجانە لە نێوان تاک و ژینگەکەیدا،کار دەکات لەسەر پەرەپێدانی تاک لە ڕێگای پرۆسەیەکی سیستماتیکی مەبەستدار لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو کە لەنێوان نەوەکان ئاڵوگۆر دەکرێن ،کە ئامانج لە پەروەردە پەرەپێدان و گەشەکردنی تواناکانی تاک لەسەرجەم لایەنەکانیەوە ،لایەنی زهنی ،دەروونی ، جەستەیی ،کۆمەڵایەتی ،سۆزداری ،مەعریفی هەڵسوکەوت و کەسایەتی تاک ،لە پێناو گەشەپێدانی و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا.

## ٤- دامەزراوەی پەروەردە

ئەو دامەزراوانەن کە بەرپرسیاریێتی پەروەردەکردنی تاک لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە لە ئەستۆ دەگرن، وەک (ڕاگەیاندن ،خێزان ،قوتابخانە)، (ابراهيم ، ٢٠٠٩ ، ٨٤٧)

زاراوەیەکە بەکاردێت بۆگەشەپێدان و پەرەپێدانی کەسایەتی تاک لە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان وە عەقڵی، بەرێژەی بەهاکانی ئەو گروپەی کە تاک تێیدا دەژی، زاراوەیەکی فراوانە کە پشت بە یەک ئاراستە و دامەزراوەیەک نابەستێت بەڵکو لە هەر شوێنێک فێرخواز و مامۆستا هەبێت و دۆخێکی کارلێککارانە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ڕوودەدات، پرۆسەی پەروەردەیی پرۆسەیەکی بەردەوامی و یەکگرتنە کە دەمێنێتەوە پرۆسەیەکی بەردەوامی بەخشین و وەرگرتنە لە نێوان تاک و دەوروبەریدا، ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگا دامەزراون کە پەیوەندییان بە پرۆسەی پەروەردەکردنی دروستی تاکەکانەوە هەیە پێیان دەوترێت "دامەزراوەی کۆمەڵایەتیکردن"وگرنگترینیان بریتین لە(خێزان ، قوتابخانە، )(شریم، ٢٠١٦،١) .

دامەزراوەی پەروەردەی شوێنێکە کە گرووپەکان تێدا کۆ دەبنەوە ،سەتنەری کۆمەڵایەتیە بۆ تەمەنە جیاوازەکان ،کە تێدا پەروەردە دەکرێن و زانیاری زۆر جیاوازیان پێدەدرێ بە پێی جۆری دامەزراوە پەروەردەییەکە ، کە پێکدێن لە کۆمەڵێک ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە یاخود مامۆستا و قوتابی ، هەروەها دەستەی کارگێری ،قوتابیەکان لەم دامەزراوە دەمێننەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی وەرگرتنی زانست و زانیاری ،جۆرەها دامەزاوەی پەروەردەی هەیە وەک (باخچەی ساوایان ،قوتابخانە،پەیمانگاکان ،کۆلێژەکان) (کامل ، ٢٠١٦، ٣).

پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی دامەزراوەی پەروەردە ؛ دامەزراوە گەلێکی تایبەتمەندن لە پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی، کە یارمەتیدەرن لە پەروەردەکردنی و دروستی تاکەکان، بەو پێیەی تاک لە لایەنی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە پەرە پێدەدەن و ئامادەی دەکەن بۆ ژیان و تێکەڵاوبوون لەگەڵ مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا کە لە سەرەتای ژیانەوە

دەست پێدەکات.لە خێزانەوە و بە قۆناغەکانی دواتردا تێدەپەڕێت، وەک: داینگە، قوتابخانە، زانکۆ، بە کۆتایی ژیان کۆتایی دیت ئەم دامەزراوە پەروەردەیانە لە کۆمەڵگا ڕۆڵی هەریەکەیان لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکاندا هەیە.

## ٥- **پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی** (Socialization)

بریتیە لەو پرۆسەی کە لە ڕێگایەوە منداڵ ئەو ئاراستەو بەهاو پاڵنەرو ڕێبازانەی بیرکردنەوەو چاوەڕوانی وخاسیەتە کەسیە کۆمەڵایەتیانە دەست دەخات کە وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگاکەیدا لە قۆناغی داهاتووی گەشەیدا جیای دەکەنەوە. ( سەمیرە ، ٢٠٠٩، ل:٢٠٢)

(پارسۆنز) دەلێت پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتیە لە پرۆسەی فێرکردن کە پشت بە فێرکردن و تێگەیاندن و لاسایکردنەوە دەبەستێت و یەکیان دەخات لەگەڵ شێوەکانی ئەقڵ و ئاکارو سۆز لای منداڵ و مێرد منداڵ، ئەم پرۆسەیە ئامانجی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریە،لە نەسەق (یەکبوون)ی کەسایەتی، کە پرۆسەیەکی بەردەوامە کۆتای نایە.

(صدیق، ٢٠١٥،ل ٤٥).

لە ڕوانگەی کۆمەڵیەوە بریتیە لە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ئەزموونانەی کە لە ڕێگەیانەوە ئەندامانی گەنج و منداڵی کۆمەڵگا فێری کولتووری کۆمەڵگاکەی خۆیان دەبن ، بەڵام لە ڕوانگەی تاکە کەسیەوە مرۆڤ لە ڕێگای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە ئامادەی هەڵسوکەوتی ناو ژیانی کۆمەڵی تێدا پەیدا دەبێت.( ئامێدیان،٢٠١٣،ل١١٨).

**پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی :**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی دارشتنی ڕەفتاری مرۆیی تاکە کەسەو پرۆسەی گۆڕینی بوونەوەرێکی بایەلۆژی بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و لە خۆگرتنی کەسەکان بۆ کوولتوری کۆمەڵگا، کە لە ڕێیەوە تاکە کەسی لە دایکبوو گەشە بە کەسایەتی خۆی دەدا و دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی کارا لە چوارچێوەی یاساو ڕێسای کەمەڵگاو کوولتورەکەی .

## بەشی دووەم /توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو گوزارشتێکە کە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکات کە پەیوەستن بە بابەتەکەیان ، هەندێ لایەنی بابەتەکە هەروەها ڕوونکردنەوەی بوارە جیاوازییەکان و لێکچووەکــان لە نێوان توێژینەوەی خۆی و توێژینەوەکــانی پێش خۆی بە مەبەســـتی شـارەزابوون و سـوود وەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەوەش زیاتر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە جۆرێک کە چارەســـەری پەســـەند و داهێنەرانەی کێشەیەک لە کێشەکانی بواری پسپۆری توێژەر بکات.

بۆ ئەم مەبەســـتەش چەند توێژینەوەیەکی پێشـــوو دەخەینە ڕوو بە پێی جێگەی ئەنجامدانیان، توێژینەوە کە لە توێژینەوە کوردستانیەکان و عەرەبیەکان و بیانیەکان پێکهاتووە.

### یەکەم / توێژینەوە کوردستانیەکان

**١- توێژینەوەی (قەشـــەنگ احمد اســـماعیل)،(٢٠١٦)تێروانینی قوتابیانی ئامادەی بۆ ڕۆڵی دەزگا پەروەردەییەکان لە چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان.** (اسماعیل،٢٠١٦).

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دەســتنیشــانکردنی ئاســتی چارەســەرکردنی کێشـــەی قوتـابیـان لە قوتـابخـانەکان. دەرخســـتنی ڕۆڵی کـارگێری قوتـابخـانە و توێژەری قوتـابخـانەکان لە چـارەســـەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان, توێژەر لەم توێژینەوەیە پشـــتی بەســـتووە بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ، هەروەهـا کۆمەڵگـای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەکەشی بریتیە لە قوتابخانەکانی(بێخال ، چنار)ی ئامادەیی، کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژاردووە ، قەبارەی نموونەکە (٥٠) یەکەیە, هەروەهـا ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەش بریتیە لە (فۆرمی ڕاپرســـی). ئامرازە ئامارییەکانی (ڕێژەی ســـەدی، ناوەندە ژمارەیە).

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١-ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە کارگێری قوتابخانە و ڕۆڵی توێژەر هۆکار بوون بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان قووتابی و قوتابخانە.

٢-بە پێی بۆ چوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە دامەزراوەی قووتابخانەیی وەک دەزگایەکی پەروەردەی ڕۆڵی هەبووە لە چارەسەرکردنی گرفتی کۆمەلایەتی قووتابیان .

٣- نموونەی توێژینەوە بۆچوونیان وایە هەموو داواکارییە شیاوەکانیان گەیەنراوەتە بەڕێوبەر و مامۆستاکان.

٤- تێڕوانینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە هەست بە ئارامی دەکەن کاتێک گوێ لە ئامۆژگارییە پەروەردەیەکان دەگرن لە ڕووی دەروونیەوە.

**٢-توێژینەوەی (سیروان عاصي حنين)،(٢٠١٥)ڕۆڵی خوێندنگا ئامادەییەکان لە جێگرکردنی بەها کۆمەلایەتیەکان(توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە قەزای کەلار).** (حنين، ٢٠١٥).

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە زانینی ڕۆڵی مامۆستا لە جێگرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی. زانینی پابەندبوونی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بە بەها کۆمەڵایەتیەکان . زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە جێگرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی. توێژەر لەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی وەصفی شیکاری بەڕێگای (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ، بەراوردکاری ) بە نموونە، کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەکەشی بریتیە لە قوتابخانەکانی قەزای کەلار، کە بەشێوەیەکی نموونەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژاردوون،قەبارەی نموونەکەشی (٣٨٠)یەکەیە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیە (فۆرمی ڕاپرسی ،چاوپێککەتن)،ئامرازە ئاماریەکانی (بەرنامەی,spss) هاوکێشەی سپێرمان.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەژوەیە بریتین لە:

١-گۆڕاوی ڕەگەز و بەشی خوێندن ڕۆڵی هەیە لەجێگیرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان،جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری بوونی هەبووە لە نێوان خوێندکارانی پۆلی (دەیەم ،یازدەم ،دوانزدەم).

٢- خوێندکارانی پۆلی دەیەم زیاتر هەستیان بە گرنگی مامۆستا کردووە لە فێرکردنی بەهاکان و ئاراستەکردنی خوێندکار بۆ پابەند بووە بە بەها کۆمەڵایەتیەکان .

٣-مامۆســــتا ڕۆڵی بەرچاووی هەیە لە فێرکردن و جێگیرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لای خوێندکاران ،جیاوازی نەبووە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکار و بەرپرسی پەروەردەکردنی خوێندکار لە یەک ژینگەی جوگرافیادا ئەویش سنووری قەزای کەلارە.

٤- زانیارییەکان لە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی ســـبارە بە زانینی ئاســـتی پەیوەندی لە نێوان ڕۆڵی مامۆســـتا و ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لە جێگرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان گەیشــتوت بەو دەرئەنجامەی هەردوو تەوەرەکە کاریگەری خۆیان هەبووە لە جێگرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەی.

**٣- توێژینەوەی (عبداللة اسماعیل حمد)،(٢٠٠٢)دور المؤســسات التربویة في بناء شخصیة الطفل (دراسة میدانیة في المدینة اربیل) واتە ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە بونیادنانی کەسایەتی منداڵ.** (حمد، ٢٠٠٢).

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دەســتنیشــانکردنی ئەو گرفتانەی کە دامەزراوە پەروەردەییەکان بە دەســـــتیەوە دەناڵێنن ، کە دەبێتە هۆی نەبوونی ســــەرکەوتن لە ئەرکە پەروەردەییەکان .دیاریکردنی جۆری رۆلی دامەزراوە پەروەردەییەکان لەبونیادنانی کەســایەتی مندال لەکۆمەلگای توێژینەوەدا،پەروەردەی نەریتی بێت یان مۆدێرن. میتودی توێژینەوەکەی بــریــتــیە لە مــیــتــۆدی بەراوردکــاری و. کــۆمەلــگــای تــوێــژیــنەوەکەی بــریــتــیە لە (خێزان،داینگە،قوتابخانە،باخچەی ســـاوایان). نمونەی توێژینەوەکەیبریتیە لە نمونەی هەرەمەکی

ســـادە،قەبارەی نمونەکەی پێکهاتوە لە (٢٠٠)یەکە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە فۆرمی (راپرســـی،چاوپێکەوتن،تێبینی کردن). ئامرازە ئاماریەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (ناوەندە ژمارە،نێوەند،کا) .

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە :

١-(٧٥.٥٪)بەشــدار بووان پشــتراســتیان کردووە کە دایک و باوک نمونەن بۆ مندالەکانیان لە هەموو شتێکدا،(٩٢.٥٪)ئاماژەپێکراوە کە خێزان شوێنی پەسندکراوە بۆ پەروەردرکردنی مندال.

٢-زۆربەی بەژدار بوان پشـــتراســـتیان کردووە کە چاندنی بەهاو نەریتە کۆنەکان لەمندالاندا پێویستەکە(٦٠٪)ئاماژەیان پێکردووە.

٣-(٤٤.٥٪)ئاماژەیان بەوەکردووە کە رۆلی قوتابخانە بریتیە لە فێرکردنی مندال چۆن گوێ لە مامۆستا بگرێ .

٤-(٥٦٪)ئاماژەیان بەوەکردووە کە گرنگی ســـەردانی قوتابخانەکان لە یەکخســـتنی پرۆســـەی پەروەردەی وقوتابخانەو بونیادنانی کەسایەتی مندالدا ڕۆلی هەیە.

**دووەم / توێژینەوە عەرەبیەکان**

**١ -توێژینەوەی** (**حنان مساعدیة** )،(٢٠٢٠) **دور المجال المدرسي في التنشئة الاجتماعية واتا ڕۆڵی ناوەندی قوتابخانەیی لە پێگەیاندنی کۆمەلایەتی تاک دا.**( مساعدیة، ٢٠٢٠).

گرنگی توێژینەوەکە جەخت لەســـەر نـاوەنـدەکـانی خوێنـدن دەکـاتەوە کە ڕۆڵی لە دروســتکرنی تاک هەیە ،ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ئاســتی پێگەیاندنی تاک لە ناوەندەکانی خوێندن کە بە ئاراستەی فێربوونی تاک لە ڕووی پەروەردەیی هەنگاو دەنێت. توێژەر لەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی وەصفی شیکاری ،کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەکەشــی بریتیە لە مامۆســتایانی ســەرەتای کە (١٦)قوتابخانەی وەرگرتوە لە جەزائیر،بەشێوەی هەڕەمەکی سادە ،قەبارەی نموونەکەشی (٢٠٠) یەکەیە ،هەروەها ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیــاری توێژینەوەکە بریتین لە (فۆڕمی ڕاپرســـی،چــاوپێککەوتن) ،ئــامرازە ئامارییەکانی بریتیە لە (ناوەندە ژمارە و ڕێژەی سەدی ) .

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١-نـاوەنـدەکـانی خوێـندن ڕۆڵیـان هەبووە لە چـانـدنی ڕەهەنـدی فێربوونی پەروەردەیی تـاکی قوتابی.

٢-ڕۆڵی کارگێری قوتابخانەکان بە ڕوونی دیارە لە ناساندنی ژینگەی قوتابخانە بە قووتابیان.

٣-مامۆســـتا ڕۆڵی هەبووە لە ئاشــناکردنی قوتابی بە دامەزراوەی قوتابخانە وەک ناوەندێکی هەستیار لە پێگەیاندنی تاک دا.

٤- پرۆگرامەکانی خوێندن ڕۆڵیان هەیە لە چاندنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لای خوێندکاران.

٥- کارگێری قوتابخانە رۆلی هەبووە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی قوتابیان .

٦- ئەنـدامـانی نموونەی توێژینەوەکە پێیـان وایە زۆربەی داواکـارییەکـانیـان گەیەنراوەتەوە بەرێوبەرو کارگێری قوتابخانە.

٧- هەروەها توێژەری قوتابخانە ڕۆڵی هەبووە لە چارەســەرکردنی کێشــەو گرفتەکانی قوتابیان تا ئاستێکی باش.

## سێیەم / توێژینەوە بیانیەکان

١ **توێژینەوەی** (Lawrence,A.S.Arul) **بە نـاونیشــــانی** (The relationship between educational institutions of an individuals personality) (2012),واتە پەیوەندی نێوان دامەزراوە پەروەردەیەکان لە گەشــەی کەســایەتی تاکە کەس. (Arul, 2012).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی پەیوەندی ژینگە پەروەردەییەکان لەسەر گەشەی تاکە کەس، زانینی هەستیاری ئەم دامەزراوە پەروەردەییانە لەدروستکردنی کەسایەتی تاکە کەس.

توێژەر  لەم توێژینەوەیە پشـــتی بەســـتووە بە میتۆدی رووپێوی کۆمەلایەتی.کۆمەڵگـای توێژینەوەکەشـی پێکهاتووە لە (٢٠) قوتابخانە،هەروەها نمونەی توێژینەوەوقەبارەی نمونەکەی بریتیە لە قوتابیانی پۆلی زانسـتی کە (٣٠٠)یەکە بووە،بەشـێوەی هەرەمەکی سـادە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە (فۆرمی راپرسی). ئامرازە ئاماریەکانی بریتیە لە تاقیکردنەوەی (T.test)،هاوکێشەی پێر سۆن) .

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە :

١- پەیوەندی بەهێز لە نێوان ژینگە پەروەردەییەکان کەسایەتی تاک بوونی هەیە .

٢-بەپێی تەمەن ئەم دامەزراوە پەروەردرییانە کاریگەریان لەسەر کەسایەتی تاک هەیە.

٣-ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەیەکی بەرز رەنگدانەوەی ئاســـتی پاشـــخانی ئەم دامەزراوە پەروەردەییانەیان لە سەرە.

٤-هەروەها ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەسەر ئاستی گەشەی زانستی و مەعریفی.

٥- هەروەهـا دامەزراوەی قوتـابخـانە رۆلێکی بەرچـاوی هەبووە بەرزکرنەوەی ئـاســـتی رۆشەنبیری و گەشەی تاکەکاندا.

٦- ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە ڕۆڵیان هەبووە لە چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە کۆمەلایەتی و دەروونیەکانی بەردەم ئەم دامەزراوانە و کەسایەتی تاکە کەس.

## چوارەم/  تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر

ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی (اسماعیل) تاڕادەیەک نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (مساعدییە ،Arull،حمد ) کەباس لە ڕۆڵی کارگێری قوتابخانە دەکات لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی قوتابیان، هەروەها ئاماژە بە گرنگی قوتابخانە دەکات لە فێرکردنی منداڵ و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی، بەڵام ئەم ئەنجامانە تاڕادەیەک جیاوە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی (حنین) کە باس لە ڕۆڵی خوێندنگا ئامادەییەکان دەکا لە جێگرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لای خوێندکاران ، پێیان وایە مامۆستا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە فێرکردن و جێگیرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان.

# بەشی سێیەم/ دامەزراوە پەروەردەییەکان و دەرهاوێشتەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

## باسی یەکەم / ئەرکەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان

لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی پەروەردەیی و فێرکردنی تاکەکان، ئیشی هەرە گەورەی ئەم دامەزراوە پەروەردەیانەیە، کە کۆمەڵگاکان بە پێی بارودۆخی شوێن و کات هەوڵی دروستکردنیان دەدەن، بۆ ئەوەی کولتوورەکانیان بگوازنەوە و شارستانیەتەکانیان پەرەپێبدەن و بە ئامانجە پەروەردەییەکانیان بگەن. ئەم دامەزراوانە بە درێژای ژیانی مرۆڤ بەیەک شێواز یان میتۆد نین، بەڵکو فرەشێوەن و شێوازی جیاوازیان هەیە بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، بارودۆخی کۆمەڵگاکەی، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بە شێوەیەکی گشتگیرتر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەساییەتیەکەی گەشە بکات و کارلێک لەگەڵ ئەوانەی دەورووبەریدا بکات و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ پێکهاتەکانی دەورووبەریدا، لەبەر ئەوەی پەروەردە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە دەشێ لە گەشەسەندن و فراوانبوونی کەسایەتی تاکدا ڕەنگ بداتەوە، لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت؛ بەرنامەڕێژی و پلاندانان لە کایەی پەروەردەدا ئەرکێکی هەستیار و گرنگە، ئەرکی ئەم دامەزراوە پەروەردەییانەش بریتین؛ لە گواستنەوەی کەلەپوور، کولتووری و رۆشنبیری بۆ نەوەکان، گەیشتن بە یەکگرتووی و هاوئاهەنگی لە نێوان تاکەکان دا، هەروەها قوڵکردنەوەی زانست و زانیاری، بەدەستهێنانی گەشەی تاکەکان لە لایەنەکانیتری کەسایەتی دا؛ جەستەیی، دەروونی، سۆزداریی و ئەخلاقی. (ابراهيم،٢٠٠٩،٨٥٠).

هەروەها زۆر ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی هەیە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ گەشەپێدانی تاک و کۆمەڵگا دەیگێڕن؛ کارکردن بۆ دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ تاکەکان بۆ مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵگەکان، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و کولتووری لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگادا، برەودان بە ڕەوشتی باش و هاندانی تاکەکان بۆ بەردەوامبوون لە فێربوون و پەرەپێدانی خود. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا لەناو دامەزراوەی پەروەردەیی. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا لەناو دامەزراوەی پەروەردەیی، و جیاکاری نەکردن لە نێوانیاندا لەسەر بنەمای ئایین، ڕەگەز، یان مەزهەب. هەروەها لە دیارترین و گرنگترین ئەو دامەزراوانەی پەروەردەیی لە کۆمەڵگادا : خێزان، قوتابخانە، گرووپی هاوڕێیان جگە لە مزگەوت و میدیا و یانەکان و شوێنی کار و دامزراوە جۆراو جۆرەکانی ترکە کاریگەریان هەیە، چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.(عطية، ٢٠١٦، ٨٤).

**یەکەم/ خێزان وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی**

خێزان یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە کە مرۆڤ هەر بە هەڵهێنانی چاوی بەڕووی ژیان تێکەڵی دەبێت، ئەو ئامێرەیە کە لە ناخی منداڵ دا کەسیتی دروست دەکات وەک تاکێکی کۆمەلایەتی ،هەروەک چۆن باشترین جێگەو لانەیە بۆ دەربڕینی بیروڕا و هزری باوکان وکەسانی گەورە جێ بەجێ کردنیان لەلایەن مندالانەوە بە پێی تێپەڕینی ڕۆژگار وپەرەیان پێدەدات لە ژیانیاندا. (ئۆگبرن)پێناسەی خێزان دەکات، دەڵێ پەیوەندی پەیوەستیەکە لە نێوان ژن مێردا لەگەڵ مندالەکانیان یان بەبێ مندالەکانیان، یان پەیوەستی نێوان ژن و مندالەکانیش بەبێ مێرد. هەروەها (برجس)پێناسەی دەکات بەوەی خێزان گروپێک لەتاکەکان پێکەوە بەستراون جا چ پەیوەندی هاوسەرگیری بێت یاخود خوێن یان هەڵگرتنەوە بێت پێکەوەی بەستونەتەوە، لەژێر یەک سەقف دا دەژین کارلێک لەگەڵ یەکدی دەکەن بە گوێرەی ڕۆڵە کۆمەلایەتییە دیاری کراوەکانیان، پارێزگاری دەکەن لە شێوازێکێ شارستانی گشتی. هەروەها(هبرت فیری) دەڵێ پەروەردە لەماڵەوە دەست پێدەکات هەموو پەروەردەیەکیش بۆ مالەوە دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەوەی یەکەیەکی ئابوری کۆمەلایەتی گرنگە کە ئەرکەکەش گرنگترین ئەرکە بەوەی هەڵدەستێ بە پرۆسەی پەروەردەکردنی مندال لە ڕێگای فێرکردنی لێهاتوی نەریت وبەهاو ئاکارەکان وئاراستەو ڕەفتارە گشتیەکان.بێگومان ئەم کارەش دووبارە لە ڕەفتاری تاکەکاندا وەکو ڕەنگ دانەوە دەردەکەوێت.(ناصر،٢٠٢٠، ٧٠_٧٢).

تاکەکانی مرۆڤ لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەکەن، تەنانەت کاتێکیش کە خێزان لە دوو کەس _ دایک و منداڵ _ پێک هاتبێت، لە ماڵێکی ئاساییدا کە لە دایک و باوک و خوشک و براکان پێکهاتووە ، تۆڕێک لە پەیوەندی بەرقەرارەو لەبەر ئەوەی ئەم یەکە کۆمەڵایەتییە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، کۆمەڵناسان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەدی دەکەن . (ئۆگست کونت) پێیوایە خێزان لە گرنگترین یەکەمین شانەیە لە جەستەی کۆمەڵگادا ، واتا یەکەم خاڵی دەستپێکردنی پێشکەوتنە، خێزان بناغەی بینای کۆمەڵگایە باشکردنی خێزان دەبێتە باشکردنی هەموو کۆمەڵگا. (چارلز هورتن کولی ) خێزانی بە یەکەمین و ئایدیالترین نموونە دەزانی بۆ گرووپە سەرەتاییەکان، گروپێک کە ئەرکی پاراستن و پارێزگاری کردنی مرۆڤە و ئەفرێنەری جوانترین هەستی ناسراوی مرۆڤایەتییە. (موحسنی ، ٢٠٠٦ ، ٣٨١ _٣٨٢).

هەروەها خێزان یەکێک لە دامەزراوە کۆمەلایەتیە یەکەمینەکانە کە بنەماو بناغەی ژیانی کۆمەلایەتی لەقەلەم دەدرێ بێجگە لە ئەرکی منال بە دونیا هێنان وپەروەردەکردن ولەئاکامدا بەردەوامی وەچەکان و مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ، ئەرک گەلێکی جۆراوجۆری وەک چالاکیەئابووری، پەروەردەیی و فێرکارییەکان و کۆمەلایەتی کردنی تاکیشی لە ئەستۆدایە. خێزان وەک فاکتەرێکی نێوانجیکارە کە پێش پەیوەندی ڕاستەوخۆی تاک لەگەڵ گروپ ڕلکخراوودامەزراوە کۆمەلایەتیەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی نۆرمە کۆمەلایەتیەکان و

میراتە کولتووریەکان لەسەر شانە. بەسەرنجدان بەوەی خێزان پەیوەندی لەگەڵ سیستمی پێگەی کۆمەڵگادا هەیە، پێگەی کۆمەلایەتی تاکیش تاڕادەیەکی زۆر پشت ئەستوور بە پێگەی کۆمەلایەتی خێزانە. هەروەها دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتیە و لە هەموو شونێک و هەمووسەردەمێکدا بوونی هەیە و بەبێ مانەوەو بەردەوامی کۆمەڵگا مەیسەر نابێ، هیچ کۆمەڵگایەک نیە کە تێدا سیستمی خێزانی بوونی نەبێ هەریەک لەئێمە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو خێزاندا چاومان بەژیان هەلهێناوە ولە کۆڕی بنەماڵەو لەژێر چاودێری وپەروەردەی خزم و کەسانی خۆماندا پێگەیشتونە ئاشنای ژیانی کۆمەلایەتی بووین. بۆیە خێزان وەک نێوەنجیکار لەکۆمەلایەتیبوونی منداڵ وهاو ئاهەنگی قووڵی  ئەو لەگەڵ نۆرمە کۆمەلایەتیەکان گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە. لایەنە قووڵ و شاراوەکانی کەسایەتی مرۆڤ لەپەروەردەو فێرکردنی قۆناغی مندالییەوە سەرچاوە دەگرن و لەبەر ئەوە کە سالەکانی  سەرەتای ژیانی مرۆڤ لە ژینگەی خێزانیدا تێپەڕدەبن ولەم قۆناغەدەیە کە بناغەی کەسایەتیەکەی دادەنرێت، دەتواننرێ لە گرنگی خێزان و کاریگەریەک کە لەسەر پەروەردەکردنی تاک و هیزە رۆحی و ئەخلاقیەکانی ئەو هەیەتی. (وسووقی،٢٠١٣، ١٨٧_٢٠١).
(جۆن لۆک) پێوایە خێزان بریتیە لە کۆمەلە کەسێک بەخوێن و ژن هێنانەوە گرێدراون،ئەم پێکهاتەیە ژیانێکی سەربەخۆت بۆ ڕای دەکات، خێزان بە چەند خەسلەت و تایبەتمەندیەک جیادەکرێتەوە، ئەویش بریتیین؛ لەوەی کەخێزان یەکەیەکی  کۆمەلایەتیە کە منداڵ تێیدا سەر هەڵدەدات و بەرپسیارەتی  یەکەمە لە پێگەیاندنی کۆمەلایەتی مندالەکە. هەروەها خێزان باشترین نمونەی کۆمەڵە سەرەتایەکانە کە منداڵ تێیدا سەر هەڵدەدات و لەگەڵ ئەندامانی دیکە تێکەڵیان دەبێت و لەگەڵ یەکدی یەکگرتوو رووبەروو دەبن . لە یەک کاتدا هەم بەردەوام و هەم کاتییە ، بۆیە بەردەوامە چونکە سیستەمێکە لەسەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکان و لە هەموو کات و شوێنێکدا بوونی هەیە. بۆیە کاتییە چونکە کاتێک منداڵەکان دەچنە ژیانی هاوسەرییەوە خێزانەکە هەڵدەوەشێتەوە، یاخود کاتێک مێرد یا ژنەکە دەمرن یا هەردووکیان دەمرن و بەیەکجاری خێزانەکە لە نێو دەچێ و خێزانێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە .(سدیق ،٢٠١٥، ٤٩_٥١).

### ئەرکە  پەروەردەییەکانی خێزان

١- ئەرکی بایۆلۆژی: بریتییە لە منداڵبون و وەچەخستنەوەو پاراستنی لە لەناوچون.

٢- ئەرکی دەروونی: واتا یارمەتیدان و پشگیریکردنی منداڵە لە ڕووی دەروونیەوە، لەم بارەیەوە(وول) پێیوایە گرنگترین ئەرکە خێزان پێشکەشی مندالەکانی خۆی بکات لەناو خێزاندا. هەروەها بەرزکردنەوەی تەندروستی دەروونی و تێرکردنی پێداویستیەکان و پاڵنەرەکانی، پێدانی سۆز و خۆشەویستی و سامان و دوورخستنەوەی لە ترس و دڵەراوکێ .

٣- ئەرکی کۆمەلایەتی: ئەم ئەرکە بریتییە لە ڕەخساندن و فەراهەمکردنی پشتگیری کۆمەلایەتی وگواستنەوەی داب و نەریت و بەهاو بیروباوڕی باو لەناو خێزانێکەوە بۆ منداڵەکانی. هەروەها دیاریکردنی ئاراستەی هەڵسوکەوت و هەڵبژاردنی جۆری خواردن ، جل و بەرگ و فێرکردن و بیروباوەر .

٤- ئەرکی رۆشنبیری: منداڵ دەبێت زمان، داب ونەریت، باوەڕ، بەهاو شێوازو ڕێگای بیرکردنەوەی باری کۆمەڵگا بەدەست بهێنێت، تاکو منداڵ لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگادا تێکەڵ بێت .

٥- ئەرکی ئابووری؛ بریتییە لە فەراهەمکردنی پارەو پوڵی تەواو و پێویست بەبەردەوامی لەگەڵ ڕەخساندنی ژیانێکی ئاسودەو سەربەرزانە بۆ ئەم خێزان. (مەزاهرە ،٢٠١٣، ٢١٨_ ٢١٩).

٦-ئەرکی پەروەردەیی: خێزان گرنگی بە پەروەردەو فێکردن و بەرهێنانی منداڵەکانی دەدا، سەرەڕای ڕێز و گوێڕایەڵی منداڵ لە ڕێگای خێزانەوە کەسایەتی خۆی بەدەست دەهێنێ .هەروەها لە ئەنجامی کارلێککردنی سەرەتای ژیانی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و ئەو هەڵوێستانەی رووبەروویان دەبێتەوە و ئەو کاردانەوانەوە سۆزداریانەی کە پێیاندا تێپەر دەبێ، بوونی خۆی درووست دەکا. خێزان منداڵەکانی خۆی پەروەردە دەکات، مەبەست لە پەروەردەو خوێندن و نوسین نییە، بەڵکو مەبەست لە فێربوونی پیشە و کارو کشتوکاڵ و پەروەردەی جەستەییە. تاکە کەس پێگەی کۆمەلایەتی خۆی لەو خێزانەوە بەدەست دەهێنێ کەتیایدا لەدایک بوە، ئەوەش لە ژێر ڕۆشنای ئاماژەی تەمەن و ڕەگەز وسیستمی لەدایک بون ڕەنگی پێست و ئاستی چینی خێزان. هەروەها خێزان دەرفەت و پاداشت و چاوەڕوانی ئەندامەکانی دیاریدەکات. جا بۆیە پەروەردە لە ماڵەوە دەردەچێ بۆ قوتابخانە. هەروەها گەشەکردنی خێزان بێ سنور نیە ، بەڵکو قەبارەیەکی دیاری کراوی دەبێ، واتە لە سنورێکی دیاری کراودا لە گەشەکردنی دەوەستێت ئەگەر بەراوارد بکرێ بە سیستەمەکانی دیکەلە هەرهەمویان بچوکترە. خێران پشت ئەستور بێت بە بنەما ئاینیەکان ئەوا ژیانی تاکەکان سروشتێکی ئاسای دەبێ، بەلام ئەگەر لەسەر بنەمایەکی یاسای دامەزرابێ ئەوا ژیانی ئەندامەکانی سروشتی گرێبەستانەی دەبێت. (عبدالله، ٢٠١٥، ٧٩_٨٠).

**دووەم/ قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی پەروەدەیی**

قوتابخانە بریتییە لە دەزگایەکی گرنگی کۆمەڵگا لە دوای خێزان، منداڵ لە دوایی ئەوەی لە خێزانەکەی دەردەچێت تێکەڵ بە کۆمەڵگایەکی گەورەتر دەبێت کە تەواو جیاوازە لە خێزانەکەی

ئەویش برییتیە لە قوتابخانە. بۆیە یەکێکە لە گرنگترین و دیارترین دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان لەلایەن کۆمەڵگاوە دامەزراوە بۆ گرنگیدان بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵەکانی و بەخێوکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ ژیان. واتە دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵی بە دیهێناوە. دەزگایەکی پەروەردەییە لە رەخساندنی دەوروبەرێکی پەروەردەیش بەرپرسە کە گەشەپێدانی کەسێتی قوتابی لە هەموو ڕووەکانەوە ئامانجێتی ، قوتابخانەش بۆ سنووریییەکی دیاریکراو دەتوانێت ڕژێمی کۆمەڵ بگۆڕێت، ئەوەش ئەوەیە کە هیچ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بیکات. بۆیە هەوڵدەات لە پێناو پێگەیاندی نەوەیەکی هۆشیار و تەندروست لە ڕێگەی هەردوو بواری پەروەردەو فێرکردن بە بناماکانی زانست و زانیاری سەردەم، کە دەبنە هۆکاری بەرەو پێشچونی وولات. (العوامە ، ٢٠٠٨، ٢٨٥).

ئەرکی گەیاندن و گواستنەوەی پەروەردەو ڕۆشنبیرییەکی پێشکەوتووە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە و فەراهەمکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەی جەستەی و ئەقلی و کۆمەڵایەتی بۆ ئاستێکی گونجاو کەتەبابێت لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگا چاوەڕواندەکرێت لە ئاستە جیاوازەکان و ئەوەی تاک دەتوانێ بیکات. قوتابخانە ڕۆڵی هەیە لە پێشکەشکردنی چاودێری دەروونی بۆ منداڵ و یارمەتیدانیشی لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی. هەروەها فێرکردنەکەی بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانی بێت بە ڕێگایەکی گونجاو کە تەبابێت لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان، چاودێری و چاوپۆشی وڕێز لە توانای منداڵ بگیرێ لە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە ، هەروەها گرنگی بە ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنی پەروەردەیی بۆ پیشەییبوونی قوتابییەکە بدرێت ،هەروەها گرنگیەکی تایبەتی بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بدرێ لە هاوکاریکردنی لەگەڵ دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی دیکە کە تایبەتە بە خێزان ، هەروەها چاودێری و چاوپۆشی لە هەموو ئەو شتانە بکرێ کە گەشەی منداڵ بە شێوەیەکی تەندروست لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکەن. (سدیق ، ٢٠١٥، ٥٢_٥٣).

ڕاهێنان لە قوتابخانە پرۆسەیەکی فەرمییە، پرۆگرامێکی دیاریکراو سەبارەت بەو وانانەی کە دەبێت فێربکرێن لە ئارادا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا قوتابخانەکان لە شێوازە باشەکانی تردا ، بەهۆکارە کۆمەڵایەتیبونەکانیش لەقەڵەم دەدرێن، لەتەک پرۆگرامی ڕاهێنان و فێرکردنی فەرمیدا ، ئەو شتەش لە ئارادایە کە هەندێک لە کۆمەڵناسان بە پرۆگرامی ڕاهێنانی نهێنی ناوی دەبەن، کەفێرکردنی منالّ مەرجدار دەکات، چاوەرێی ئەوە لە منداڵان دەکرێت کە فێربببن لەناو پۆلدا ئارام و لەسەرخۆبن، لەکاتی خۆیدا بچنە ناو پۆلەوە بڕیارەکانی دیسپلینی قوتابخانە ڕەچاو بکەن، داوایان لێدەکرێت دەسەڵاتی مامۆستایان بەهێند وەربگرن و سەبارەت بەمەش وەڵام بدەنەوە ، کاردانەوەکانی مامۆستایانیش کاریگەرییەتی لەسەر ئەو چاوەروانیانەوە هەیە کەمناڵان هەیانە ، ئەمانە بە نۆرە خۆیان پەیوەندی لەگەڵ ئەزموونی ئەو پیشەیەی ئەوان پەیدا دەکات کاتێک کە

قوتابخانە بەجێدێڵن. گرووپە هاوەڵییەکان زۆربەی جاران لە قوتابخانە درووست دەبن و سیستەمی چین بەندی منالآن لە پۆلەکاندا بە گوێرەی تەمەن، ئەوا کاریگەریەتی ئەوان بەهێز دەکات. (گیدنز ، ٢٠٠٩، ١٢٣).

هەروەها بریتییە لەیەکێ لەو پێنج دامەزراوەکان (خێزان ، قوتابخانە ،دامەزراوەی ئایینی ، ڕاگەیاندن ، کارکردن )کۆمەڵگا دروستیکردوون بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی پەرەپێدانی هزری و جەستەیی و کۆمەڵایەتی کاربکات. بۆیە ئەرکی قوتابخانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەڵقوڵاوی ئامانج و فەلسەفەی ئەو کۆمەڵگایە، ئەگەر ئامانجی سەرەکی پەروەردە بریتیبێ لە بەمرۆڤایەتیکردنی مرۆڤ، ئەوا ئەوکات قوتابخانە بریتیە لە بەرێوبردن و ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، گرنگی قوتابخانە وەک درێژکراوەی ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردن و پەروەردەکردنی منداڵدا دێت. گرنگییەکی زۆری هەیە، لەوانە؛

١ _ تەواوکردنی ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان: قوتابخانەماڵی دووەمی خوێندکارە لەوێ بەشێکی زۆری کاتەکانی بەسەر دەبات لەسەر بنەمای بەردەوام ڕۆڵی پەروەردەکاران و مامۆستایان لەگەڵ ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا یەکدەگرێتەوە تا دەگاتە قۆناغی پێگەیشتنی دەروونی. قۆناغی قوتابخانە یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی گەشتی ژیانی منداڵان لە منداڵییەوە تا هەرزەکاری. بەشدارە لە دروستبوونی کەسایەتیان و کاریگەری لەسەر پەروەردەیان لە بەها و بنەما و زانستە بنەڕەتییەکان.

٢ _ سادەکردن و لابردنی ئاڵۆزییەکان: شارستانیەت و کولتوورەکان فراوان دەبن زانستەکان بە شێوەیەک ئاڵۆزن کە تێگەیشتن و تێگەیشتنی منداڵان قورسە، بۆیە ڕۆڵی قوتابخانە لێرەدا لە سادەکردنەوەی زانست و بنەماکان بۆیان بە باشترین شێوە دێت. بە ئامراز و شێوازێک کە لەگەڵ تێگەیشتنەکەیدا بگونجێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەر بەبێ ترس و سەرلێشێواوی و بێباکی بیت.(مشعل، ٢٠١٨، ٢_٦).

**ئەرکە پەروەردەیەکانی قوتابخەنە**

ئەرکی قوتابخاتە لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەڵقوڵاوی ئامانج و فەلسەفەی ئەو کۆمەڵگایە، بۆیە قوتابخانە ئەو ناوەندەیە کە کۆمەڵگا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دروستی کردووە ئەو ئەرکانەش بریتین لە ؛

١- گەشەدان بە کەسێتی تاک لەسەرجەم بوارەکانی جەستەیی، هزری و بیری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و بیروو باوەریەوە .

٢- پارێزگاریکردن لە کەلەپوری ڕۆشنبیری، کارکردن بۆ تۆمارکردنی شتە نوێیەکان و زیادکردنی بۆسەر کەلەپورە گەورەکە، فێرکردن گواستنەوەی ئەم کولتورە دەبێتە هۆی پاراستن و هێشتنەوەو بەردەوامی دان بەو کولتورە .

٣- ئەرکێکی تری خستنەڕووی سەرجەم ئەو گرفتانەی کە قوتابی ڕووبەڕوی دەبێتەوە، جاچ ئەو کێشانە دەروونی بن یان کۆمەڵایەتی یان تاکی بن یاخود گرووپی، لەرێگای سیستەم و ڕێبازی تایبەتییەوە دەیان خاتەڕوو، دواتریش هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی بەرپگای ئەزموون و ڕێنمایی کەسانی پسپۆرو شارەزا، مامۆستایان و بەرپرسیارانەوە، لەبەرئەوە ئەگەر قوتابی ئەو توانا فراوانەی هەبێ لەناسین و هۆکارزانی و چارەسەرکردنی گرفتەکاندا، زۆر بەباشی لە گرفت بەدور دەبێت .(ناصر، ٢٠٢٠، ٨٨ _٩٠) .

**قۆناغەکانی خوێندنین**

**یەکەم**/ قۆناغی سەرەتایی: ئەم قۆناغە هەستیارترین قۆناغی پەروەردەدان و گرنگترین قۆناغی خوێندنە لە تەواوی سیستەمەکانی پەروەدە و فێرکردندا کە لە تەمەنی شەش ساڵانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تەمەنی دە ساڵان، بە بناغەی کەسایەتی تاک لە قەڵەم دراوە. لەم قۆناغەدا منداڵ بناغەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین و ژمێریاری بەدەست دەهێنێت، قۆناغی سەرەتایی بە گرنگ دادەنرێت بەو پێیەی ئاراستەکردنە منداڵ و کەسایەتییەکەی بنیات نراوە.

**دووەم**/ قۆناغی ناوەندی: ئەم قۆناغە بە دووەم قۆناغی پەروەردەیی خوێندکاران دادەنرێت کە لە تەمەنی یانزە ساڵانەوە دەست پێدەکات تا تەمەنی سیانزە ساڵان . لەم قۆناغە دا جەستەی تاک دەگۆردرێت و لە ئاستی فکریشەوە گەشەکردنێک بە خۆیەوە دەبینێت. ئەم قۆناغەش زۆر هەستیارە چونکە گەشەسەندن و پێگەیشتنی تاک بە شێوەیەکی بەرچاو و ڕوون ڕوو دەدات ، هێدی هێدی بەرگی منداڵێتی فڕێ دەدات و ژینگەیەکی قەرەباڵغتر ڕووبەرووی دەبێتەوە . لەم قۆناغەدا تاک پتر خۆی لە خێزان و یاساکانی خێزان دەدزێتەوە وەک گەورە ساڵان ڕەفتار دەکات

.**سێیەم**/ قۆناغی ئامادەیی: بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت کە لە تەمەنی چواردە ساڵانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تەمەنی هەژدە ساڵان. خوێندکارانی ئەم قۆناغە لە دواقۆناغی هەرزەکاریدان . کۆمەڵێ گۆرانی جەستەیی، سۆزداری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لە تاک دا ڕوودەدات ژیانە ئاسایی و سرووشتیەکەی دەگۆڕێت، چونکە قۆناغی دەرچوونە لە هەرزەکاری و چوونە بەرەو گەورەساڵی . جۆرەکانی قوتابخانە :ـ ١ _ قوتابخانەی حکومی . ٢ _ قوتابخانەی ئەهلی . (سیوەیلی، ٢٠١٥ ، ٩٣ _٩٦ ) .

## ژینگەی قوتابخانەو قوتابخانەکان

سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون پەیوەستە بە بوونی کەل و پەل و بۆرد و تاقیگە و کتێبخانە و ئامرازو کەرەستەکانی روونکردنەوە. هەروەها پۆل و ژینگەی قوتابخانە لە کۆمەڵێک کەس پێک هاتووە ( مامۆستا فێرخواز ، بەڕێوبەر وستافی بەڕێوبردن ) کە سەرجەم ئەو کەسانە کاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆیان لەسەر پرۆسەی فێربوون و فێرکردن هەیە، چونکە جیاوازی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و عەقڵی هەڵچونی لە نێوانیاندا هەیە. ئەگەر توانرا بە هاوکاری هەمووان کەش و هەوایەکی پەروەردەیی بۆ فێرخواز دابین بکرێت و فێرخواز لە قوتابخانە هەستی بە ئارامی و دڵنیایی و خۆشەویستی و رێزگرتن کردوو وابەستی بۆ قوتابخانەکەی هەبوو، ئەوا پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت، بەلام ئەگەر بە پێچەوانەوە فێرخواز لەناو ژینگە و چوارچێوەی قوتابخانەکەیدا هەستی بە بێزاری و ترس و دڵەڕاوکێ کرد ئەوا ئەو کاتە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لاواز و پووچەڵ دەبێتەوە و بەردەوام ئەو قوتابخانەیە رووبەرووی چەندەها گرفت و کێشەی پەروەردەی کۆمەلایەتی و دەروونی دەبێتەوە. ژینگەو بارودۆخی قوتابخانە پەیوەستە بە ژینگەی بارودۆخی کۆمەڵگاوە، واتە ڕاوبۆچوون و ڕۆشنبیری و فەلسەفەو کولتوری کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون هەیە. قوتابخانە کاریگەری لەسەر پەروەردەو فێرکردنی قوتابیان هەیە، چونکە دەزگایەکی کۆمەلایەتیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵی بە دیهێناوە، دەزگایەکی پەروەردەییە لە رەخساندنی دەوروبەرێکی پەروەردەیش بەرپرسە کە گەشەپێدانی کەسێتی قوتابی لە هەموو ڕووەکانەوە ئامانجێتی. قوتابخانەش بۆ سنوورییەکی دیاریکراو دەتوانێت ڕژێمی کۆمەڵ بگۆڕێت، ئەوەش ئەوەیە کە هیچ دەزگایەکی کۆمەلایەتی ناتوانێت بیکات. کۆمەڵێک گۆڕاوی پەیوەست بە قوتابخانە و لێوەشاوەی لە پێگەیاندنی کۆمەلایەتی منداڵدا هەیە، گرنگترینیان ( قەبارەی قوتابخانە، ماۆستایان، پەرتووک و پرۆگرامەکانی خوێندن، بەرێوەبردنی پۆل و قوتابخانە، قەبارەی پۆل، ئامادەباشی قوتابیان، سزاو پاداشت). ( قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ ، ٢٩).

## سێیەم/ ژینگەی پەیوەندی کۆمەلایەتی هاوڕێیان

گروپی هاوڕێیان جۆرێکە لە دامەزراوە کۆمەلایەتیە پەروەردەییەکان کە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر پەروەردەی مرۆڤ لەسەر بنەمای بوون بە زیندەوەرێکی کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی ئەوەی هەیە لەگەڵ کەسانی دیکەدا کۆببێتەوە، لەبەر ئەوە کۆمەڵەی هاوڕێکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا وەک گروپێکی سەرەتایی وەک خێزان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، چونکە ژمارەیان کەمە و ئەندامێتی تاکەکەس تێیدا پشت دەبەستێت بە

پەیوەندییەکانی دراوسێیەتی، گرووپی تەمەن، مەیل و ڕۆڵی تاک لە گرووپەکەدا. گرووپەکانی هاوڕێ کاریگەریان هەیە لەسەر پەروەردەی مرۆڤ و پێکهێنانی کەسایەتییەکەی، بەتایبەتی لە سالآنی منداڵی و هەرزەکاریدا، کە زیاتر کاریگەری لەسەر ئەندامانی ئەم گرووپانە دەبێت، کە زۆربەی کات هاوڕێن، جا هاوپۆل بن، هاوڕێی یاریکەر بن، یان ئەوانی تر کە بۆ ماوەیەکی درێژ یان کورت لەگەڵیانن. لەوانەیە کاریگەری هاوڕێکان لەسەر مرۆڤ بەهۆی ئەندامە جیاوازەکانی ئەندامانیانەوە بێت، هەمەجۆری کلتوورەکانیان و جیاوازی ژینگەکەیان. هەروەها خاوەنی کولتوری تایبەتی خۆیانن و ئەم کولتوورە بە ژێر کولتوور و ڕێژەیی لەگەڵ ئاستی دەروونی و تەمەن و ئەزموونی کەسی و پێداویستییە جیاوازەکانیان دادەنرێت. بەلآم لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر دەگۆڕێت، بەپێی ئاستی کولتووری و پەروەردەیی و تەمەن و بازنەی کۆمەلآیەتی جیاواز. ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی گەنجان و بەدەستهێنانی چەندین شێوازی هەڵسوکەوت وەک زانین و هەڵوێست و شارەزایی و بەها و نەریت و کاریگەری ئەم گرووپە بە زۆری مەبەست یان ناڕاستەوخۆیە بۆ تاکەکەس. (أبو سریع ، ٢٠١٥، ٢٧).

زۆر جار دروستبوونی هاوڕێیتی لە ڕێگەی ئامرازەکانی پێگەیاندن و بە کۆمەلآیەتیبوونەوە دەبێت، یان ئەوەتا لە قوتابخانە ڕەگی ئەو متمانەیە دروووست دەبێت یان لە زانکۆ و لە شوێنی ئیشکردن بە گشتی. ( زیگمۆن باومان ) پێیوایە هاوڕێیەتی بریتییە لە دروووستکردنی پەیوەندییەکی تازە لەسەر بنەمای خۆشەویستی وجیاوازی، ئەزموون، هاوڕێیەتی تەنها کۆمەڵێک برادەری پچڕ پچڕ نیە بەڵکو دەکرێ هاوڕێیەتی بە شێوەی گرووپی بێ. مرۆڤ لەبەرئەوەی بوونەوەرێکی کۆمەلآیەتیە هەمیشە پێویستی بە هاوڕێیە بۆ ژیانکرد، واتە هاوڕێیەتی بەرەنجامی بەکۆمەلآیەتی بوونی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا. گرووپی هاوڕێیان لە پرۆسەی پێکهێناندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن و گرووپی هاوڕێیان یەک نین منداڵێک لەوانەیە لە زیاتر لە گرووپێکی هاوڕێدا بەشداری بکات، چونکە گرووپێکی هاوڕێ هەیە کە لە منداڵان پێکهاتووە کەرتێکی نیشتەجێبوونی دیاریکراو یان دانیشتوانی بینای نیشتەجێبوونی، لەوانەیە کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەی لەخۆ بگرێت یاریکردن لە قوتابخانە، گەڕەک، یانەی وەرزشی، یان تەنانەت کەمپەکانی هاوینە ڕەنگە گرووپێکی تر پێکبێت لە هەندێک منداڵ سەر بە زیاتر لە گرووپێک هاوڕێیە لە یەک کاتدا. گرووپی هاوڕێیان لەگەڵ منداڵدا بە تێپەڕبوونی کات لە جیهانی منداڵییەوە بۆ جیهانی گەنجان گەشە دەکەن بەپێی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی تەمەن، جۆرێک لە یەکسانی لە نێوان ئەو و ئەندامانی ئەم گرووپەشدا هەیە منداڵ دەتوانێت بە ئازادی هەموو جۆرە ڕەفتارێک ئەنجام بدات، هەروەها بەندە بە ڕادەی کاریگەری منداڵ لەسەر گرووپی هاوڕێکانی لەسەر ڕادەی دڵسۆزی بۆی و ڕادەی قبوڵکردنی.(ناصر، ٢٠١١، ١١٤ _١١٥).

## جۆرەکانی هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی هۆکارێکی زۆر گرنگە لەگەشەی دەروونی و کۆمەلایەتی منداڵ و کاریگەری بەسەر بەهاو نەریت و ئاراستەتە کردنیەوە دەبێت. بەتایبەت کاتێ لەقۆناغی گەشەکردنیدا پێویستی و داواکاریەکانیان لەیەک نزیکن، بۆیە زۆر جار جۆرێک لە یەکسانی لەنێوانیان دروست دەبێت، بۆیە لە هاوڕێیەتی چەند جۆرێکی دیاری کراو هەیە:

١-کۆمەلەی یاری کردن: ئەم کۆمەلەیە دوو جۆرن،کۆمەلەی خۆرسکی و ڕەمەکی پێکهاتوون ئامانجیان یاریکردن و ڕابواردی بێ سنورە،کۆمەلەی دووەم بەژداری لە یاری کردن دەکەن بەلام پارێزگاری لە بنەماکانی یاری و ڕێساکانی دەکەن.

٢-گروپی پێکەوەیی: گروپێکن زۆر پێکەوەن، لەنێو پێگەو دۆخی کۆمەلایەتی تاکە جیاوازەکان کۆدەبنەوە .

٣-کۆمەلەی یانە :ئەمانەلەناوەندی فەرمی سەر هەڵدەدەن لەلایەن خەلکی هۆشیار و بەئاگاکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت بەتاڵکردنی پاڵنەرە هەڵچوەکانی و فێرکردنی کۆمەلی بۆدەرەخسێت.

٤-کۆمەلە: ئەم کۆمەلەیە زۆر ئالۆزن و بەململانییان لەسەر دەسەلات یان لەگەڵ کۆمەلەیەکی دیکە جیادەکرێنەوە،ئەم کۆمەلەیە بە هێماو نیشانەی هاوبەش و تایبەت بەخۆیان هەیە. (سدیق،٢٠١٥، ٥٣-٥٤).

### ئەرکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هاوڕێ

١- پەرەپێدانی کەسایەتی تاک بە گشتی و پێدانی جۆری کەسایەتی بەکۆمەڵ و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

٢- دروستکردنی هەلومەرجی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی تاک بتوانێت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی نوێپەرەپێدانی دڵسۆزی کۆمەڵایەتی لە دەروونی تاکدا و هاندانی بۆ کێبڕکێکردن لەگەڵ گروپەکانی تر.

٣- دروستکردنی هەڵوێستی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە چەندین بابەتی ژینگەی کۆمەڵایەتی.

٤- پەرەپێدانی کۆمەڵێک سیفەتی کەسی گرنگ بۆ تاک، وەکو سەربەخۆیی،پشت بەخۆبوون و گوێگرتن لە کەسانی تر.

٥- دەرفەت بۆ تاک دەڕەخسێنێت کە پرۆسەی ئەزموونکردن و ڕاهێنان لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی نوێدا ئەنجام بدات، هەروەها هەڵسوکەوتی نوێش پەسەند بکات . (عامر ،٢٠٠٣ ، ٢٣١)

## باسی دووەم/ کاریگەری پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە درووستکردنی کەسایەتی تاک

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە مرۆڤەکان لەو ڕێگایەوە بیروباوەڕو مەیل و بەهاو پێوەرو داب و نەریتەکان لە کولتووری کۆمەڵگاکەیان وەردەگرن. هەروەها ئەم پرۆسەیە یارمەتی تاک دەدات، تا کەسایەتییەکی تایبەتی بەدەست بهێنێت، ئاشکرایە کە نموونە کولتووریەکانی هەر کۆمەڵگایەک لە لایەن هەموو تاکە کانەوە بەیەک ئەندازەو یەک شێوە وەرناگیرێن. بۆیە هەموو کەسێک لەم ڕێگەیەوە زانیاری و بیروباوەرو بەهاو پێوەرو چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بەدەست دێنێت. لەڕێگەی فێربوون وەرگرتنی کولتوورەوە مرۆڤ دەتوانێ ناسنامەیەک بۆ خۆی بەدەست بێنێت. بۆیە ئەو ناوەندانەی کۆمەڵگا کە بەدرێژایی قۆناغەکانی پێگەیشتنی مرۆڤ شێوازەکانی ژیان و بەگشتی کولتوور دەگوێزنەوە بە هۆکارەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون ناو دەبرێن گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتیین؛ لە خێزان، هاوەڵان، برادەران، قوتابخانە و هۆیەکانی پەیوەندی کۆمەڵی. ئەم هۆکارانە هەمیشە کۆمەڵە ڕێنومایییەکی نەگۆڕ فێری کەسەکان ناکەن، بەڵکو هەر کەسێک لە هەر هۆکارێکەوە شتی جیا جیاو تەنانەت هەندێ جار شتی دژ بەیەکیش فێر دەبێت. بۆیە ئەو هۆکارانەی کۆمەڵایەتیبوون لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و فیزیکیدا پەیوەندیان پێکەوە دەبێت. بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە کەسەکان بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگای خۆیان وەردەگرن و فێری دەبن، هەر کولتوورێک لە هەوڵی ئەوە دایە منداڵانی لەسەر بناغەی نۆرمە تایبەتیەکانی خۆی پێبگەیەنێت.(موحسنی،٢٠٠٦ ، ١٣٣_١٣٧).

لەمبارەیەوە (ئەمیل دۆرکهایم) پێیوابوو کۆمەڵگا لە ڕێگای پەروەردەوە دەگواسترێتەوە بۆ ئەو تاکانەی کە لێی پێکهاتوون کە کۆمەڵێک پێوەری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرین دەبنە هاوکاری یەکتری لە نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە. کەواتە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی ڕۆشنبیرییە، بەهۆیەوە ڕۆشنبیریەکە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. واتا پرۆسەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگایەوە جۆرو شێوەی کەسایەتی و نەریتی ڕۆشنبیری لە باوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کور، لە نەوەیەکیشەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. هەروەها پرۆسەیەکی بەردەوامە تەنانەت پیرەمێردەکانیش دەگرێتەوە.( ناصر، ٢٠٢٠ ، ٤٣).

**پارسۆنز** پێنج میکانیزمی لێکجیاواز و یەکترتەواوکەری دیاری کردووە بۆ پرۆسەی پێگەیاندن ، ئەو میکانیزمانەش بریتین لە: پاڵپشتی(reinforcement)، ڕێگرتن(inhibition)، گۆڕین(susptitution)، نەریت(imitation)، لێکچوویی (indentification). تاک لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا ڕووبەڕووی سەرجەم ئەو پرۆسانە دەبێتەوە.لەسەرەتادا بە پاڵپشتیکردنی هەندێ دیاردەی ڕەفتاری دەستپێدەکات و هاوکات ڕووبەڕووی چەندان پرۆسەی

گۆڕین و ڕێلێگرتنی هەندێ ڕەفتار دەبێتەوە و بەرەو بابەتی تازە ئاراستە دەکرێ کە هەندێ شتی بۆ پردەکەنەوە ،ئەوەش بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژی هاوسەنگتر بێ. لە ڕێگەی پرۆسەی نەریتیشیەوە ڕەگەز و توانستی کوولتوری و ڕەفتاری وەردەگرێ (لێرەدا نەریت جۆرێکە لە فێربوونی پشت بەخۆ بەستوو )، بەڵام پرۆسەی لێکچوویی دەبێتە بەها نواندن ،واتە لکاندنی بەها لە خودی تاکەکەسدا. هەروەها پێیوایە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو کولتوورەیە کە لەرێگەی خێزانێکی بچوکەوە بە تاکەکەس دەبەخشرێ، لەهەمان کاتدا پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە لەرێگەیەوە کەسایەتی تاکەکەس دروست دەبێ تا ڕۆڵێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگا وەربگرێ. (عبداللة، ٢٠١٤، ٣٧).

هەروەها ئەم پرۆسە پەروەردەییەی کە پرۆسەی پێگەیاندن و بە کۆمەڵایەتیبوونی پێدا تێپەر دەبن ، پشت بە سێ کۆلەکەی سەرەکی دەبەستێ ، کە ئەمانەن :

**یەکەم/** بێ توانایی بەچکەی مرۆڤ: ئەم خەسڵەتە ئەو توانا پۆزەتیڤەیە کە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دەیقۆزێتەوە بۆ ئەوەی تاکی بایۆلۆژی خەسڵەتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی خۆی وەرگرێ .

**دووەم/** نەرمی و گوێڕایەڵی کەسیەتی: ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسایەتی مرۆیی شێوازێکی دایکەزایی نییە کە لای چەسپی بێ و نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە ژینگەییەی کە ڕووبەرووی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون دەبێتەوە و پێکەوە کارلێک دەکەن.

**سێیەم/** ژینگەی کۆمەڵایەتی: کە تیادا پرۆسەی پێگەیاندن و بە کۆمەڵایەتیبوونی بە ئەنجام دەگات، جۆری ژینگەکەش لەرووی ڕادەی نەرمی و چەقبەستووییەوە کاردەکاتە سەر درووستبوونی کەسایەتی مرۆڤ. هەروەها پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسە گۆڕانکاری و گەشەسەندوانەی کە تاکەکەس وەکو بەرەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی و فێربوونی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان ملکەچی دەبێ کە ئەم پرۆسەیە لە دوو ڕووەوە دەخرێتە ڕوو:

یەکەم : تیشکخستنە سەر ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەی کە بەسەر تاکەکەسدا دێت .

دووەم : تیشکخستنە سەر ئەو دەزگایانەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا هەن و کاردەکەنە سەر تاکە کەس _ تاکە کەس بەردەوام هەوڵدەدات ژینگەکەی دەوروبەری بگۆڕێ و بەسەریدا زاڵ بێ و بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستی و داخوازیە ئەقڵی و جەستەی و کۆمەڵایەتیەکانیدا بگونجێ . لەلایەکی دیکەوە ژینگەش بە ڕۆڵی خۆی کاردەکاتە سەر تاکە کەس و ئەو هەستانەی پێدەبەخشێ کە کاردەکانە سەر چالاکیە جەستەیی و ئەقڵییەکانی . چالاکیەکانی تاکەکەس و ئەو هەوڵانەی دەیانبەخشێ هاوتەریبە لەگەڵ ڕادەی پێداویستی و پاڵنەرەکان.(گیدنز ، ٢٠٠٩ ، ٢٨_ ٣٠).

## تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

١_ پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتییە کە لە خێزانەوە دەست پێدەکات و فراوانتر دەبێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کارلێکەوە بگاتە کۆمەڵگەی فراوانتر.

٢_ تاک بەکۆمەڵایەتی دەکرێت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات کە بەپێی پێوەرەکان دیاری دەکرێن و لەگەڵ تەمەنی خۆیدا دەگونجێت.

٣_ مەبەست لێی دابینکردن و فێرکردنی ڕەوت و شێوازە ڕەفتارییەکانی منداڵە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبوڵکراون، ئەمەش ڕەفتارەکان بەهێزتر دەکات.

٤_ پرۆسەیەکی بەردەوام و هەمیشەییە بە درێژایی ژیانی تاک هەر لە منداڵییەوە تا مردن بە قۆناغەکانی ژیانی ئەمە ڕێگە بە منداڵەکە دەدات ڕووبەڕووی هەر پێشکەوتن و پێداویستییەکی نوێ ببێتەوە.

٥_ قووڵایی مێژوویی خۆی هەیە، هەروەک چۆن مرۆڤ لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە ناو گروپەکەیدا ڕاهێنانی کردووە بە شێوەیەک یان بە شێوەیەکی تر، بۆیە درێژکردنەوەکەی درێژکراوەی مێژووی مرۆڤایەتییە، واتە کۆمەڵایەتیبوون لەگەڵ مرۆڤدا بوونی هەیە.(الکبیشي، ٢٠١٦ ، ٣٣_٣٤).

## شێوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

**یەکەم/** پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە مەبەست

ئەم جۆرە پەروەردەیە هەم لە خێزان و هەم لە قوتابخانەدا ڕوودەدات، بەو پێیەی خێزان فێری منداڵەکانی دەکات زمان و ئەتەکێت و ڕەفتار بەپێی سیستمی کولتووری و ستاندارد و ڕەوتەکانی و شێواز و ئامرازەکانی پەیوەست بە بەدەستهێنانی بۆیان دیاری دەکات کولتوور، بەها و ستانداردەکانی فێربوونی قوتابخانە لە قۆناغە جیاوازەکانیدا پەروەردەی مەبەستدارە بە ئامانج و شێوازی تایبەتی خۆیەوە و شێواز و سیستەم و پرۆگرامەکانی پەیوەستن بە پەروەردەکردنی تاکەکان و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی دیاریکراو.(ابو جادو، ١٩٩٨، ٣٢).

**دووەم/** پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بێ مەبەست

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بێ مەبەست بەم شێوەیە ناودەبرێت، چونکە هیچ ئامانجێکی مەبەستدار بۆی نییە ئەو پەروەردەیەی کە دەبێت لە کۆتاییدا بەدەستبهێنرێت، و لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەرە ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و بگونجێندرێت، منداڵەکە وەریدەگرێت لەم

ناوچەیەدا بەهۆی کۆمەڵگا و ژینگەی دەوروبەری و لە ڕێگەی زۆر دامەزراوەی وەک مزگەوت و ڕادیۆوە وتەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. تاک کارامەیی و مانا و بیرۆکەکان بەدەست دەهێنێت دامەزراوەکان هەڵوێست و خووەکانی پێدەبەخشن کە پەیوەندییان بە خۆشەویستی، ڕق، سەرکەوتن، شکست، هاوکاری، ئەرک، و بەشداریکردنەوە هەیە لەم دامەزراوانەدا کۆمەڵایەتیکردن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕوودەدات.(همشری،٢٠٠٢ ، ٢٥ _٢٦).

## ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

**یەکەم** : پەیوەندی بە ئەرک و کارە گشتییەکان و سروشتی پێگەیاندنەکە، ئەم ئەرکە و کارە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکدی دەچێ ، چونکە ئامانج لێی گواستنەوەی تاکە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژیەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی _ڕۆشنبیری،ئەم گواستەوەیەش بەهۆی ئەم ڕێگایانەوە دەبێت:

١_ زەبت و ڕەبتی ڕەفتاری تاکەکان و شێوازی تێربوونی پێداویستیەکان ،بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لە ناو کۆمەڵگادا باوە.

٢_ تاکەکان دەبنە نوێنەری ڕۆشنبیری کۆمەڵگا یان کۆمەڵانی خەڵک، واتا نوێنەری ئەو پێوەرانە دەکەن کە لە ناو کۆمەڵگا باون و حوکم بەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا دەکات و دیاری دەکات.

٣_ پەیداکردنی مەعریفەی پێگەیاندن و بەهاکان و ئاراستەکان و هێماکان و تەواوی شێوەکانی ڕەفتارکردن و ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتیەکان.

٤_ بەکۆمەڵایەتیکردن کاردەکات بۆ چاندنی زمان لە ڕەفتاری مرۆڤدا بەو پێیەی کە ئامرازێکی جەوهەرییە بۆ تێکەڵکردنی تاک لەناو کۆمەڵگاکەیدا هەروەها زانینی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی.

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو ئاستی گشتییە، کەسایەتی تاک دەبێتە نوێنەر لەگەڵ بەهاو چەمک و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان ، کە ئەمەش بەردەوامی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و یەکخستن و پارێزگاریکردن لەسەر شوناسی رۆشنبیری کلاسیکی بە خۆوە دەگرێ.

**دووەم** : پەیوەندی بە گرنگی مەبەستداری گۆڕینی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بە پرۆژەی گەشەپێدان و نوێکردنەوە و ئامانجە دوورو نزیکەکان دەبێت . واتا ئامانجی پێگەیاندن لەو ئاستە گرنگەدا بۆ گۆڕینی بەهاو هەڵوێست و چەمک و هەندێک لە شێوەکانی داب و نەریتەکانە کە کۆسپن بۆ گەشەپێدان یان پرۆژەی بەرهەمهێنانی ئابووری نوێ. (سدیق ، ٢٠١٥ ،٤٦_٤٧).

## دەروازەی دووەم / لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم : میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی

### یەکەم /میتۆدی توێژینەوە

### دووەم / کۆمەڵگای توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوە

أـ بواری شوێن

بـ بواری مرۆیی

جـ بواری کات

### سێیەم / نموونەی توێژینەوە

### چوارەم / ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییەکان

## بەشی چوارەم : میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی

### یەکەم /میتۆدی توێژینەوە

میتۆد: بریتییە لە پرۆسەی چاودێری کردن و شیکردنەوە و بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەی بەدەست هاتوون و پۆلێنکردنیان، پاشان شیکردنەوەی زانیارییە پۆلێنکراوەکان. (شوانی ،٢٠١٥، ٣٥)

بریتیە لەو تەکنیکانەی، کە بەکاریدەهێنێت بۆ شیکردنەوەی زانیاریەکان و گفتوگۆکردن و شێکردنەوەی ئانجامەکان بۆ بنیاتنانی تیۆری زانسیتی کە لەو بوارە بەکاردێن. (ئەلحەسەن،٢٠١٢، ٥٣٩)

لەم توێژینەوەیەدا مینتۆدی وەسفی بە ڕێگای (ڕووپێوی کۆمەلایەتی بەنمونە)بەکارهاتوە، ئەمەش لەبەر پێویستی و تایبەتمەندیەتی توێژینەوەکە.

### دووەم/کۆمەڵگای توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوە

### ١- کۆمەڵگای توێژینەوە:

ئەوکۆمەڵگایەیە کە توێژینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی تیادا بەدەست دێن و ئەنجامەکان توانای گشتاندنیان بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆمەلگایەکە هەیە.(شوانی ،٢٠١٥، ٢٤٣-٢٤٤)

لە پێناسەیەکی تر بۆ کۆمەلگای توێژینەوە هاتووە، کۆمەلگای توێژینەوە: بریتییە لە کۆمەلە تاکێک کە خاوەن چەند تایبەتمەندێکی دیمۆگرافی یان پیشەی یان ئابووری یان کۆمەلایەتی دیاریکراون، دەتوانرێت نمونەی توێژینەوە لەم کۆمەلگایە وەربگیرێت، بۆیە ڕەنگە کۆمەلگای توێژینەوە چۆنیەک یاخود ناچۆنیەک بن، هەروەها کۆمەلگای توێژینەوە دەشێت لە ناوچەیەکی دیاریکراو یان چەند ناوچەیەک بژین کە هەلگری کۆمەلێک تایبەتمەندی کۆمەلایەتی و ئابووری دیاریکراوبن، یاخود کۆمەلگای توێژینەوە گوزارشت لە چینێک یاخوود دەستەیەک بکات وەکو قوتابیانی زانکۆ، مامۆستایانی زانکۆ، فەرمانبەران، لاوان ، پزیشکان...هتد. (ئەلحەسەن،٢٠١٢، ٤٢٦-٤٢٧).

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان بریتیە لە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی ڕزگاری کوران و قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری کچان.

**٢- بوارەکانی توێژینەو: هەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی سێ بوار لەخۆدەگرێت کە دەبێت توێژەر دەستنیشانی بکات لەم توێژینەوەیە بوارەکانی توێژینەوە بریتییە لە؛**

١_ بواری شوێن: هەولێر قوتابخانەکانی (ئامادەیی ڕزگاری کوران و ئامادەیی هەولێری کچان)

٢_ بواری مرۆیی: ئەو توێژینەوەیە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە خۆدەگرێت کە بریتییە لە (٢٥) ڕەگەزی نێر، (٢٥) ڕەگەزی مێ، کۆی گشتی (٥٠) قوتابی.

٣_ بواری کاتی: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە توێژینەوەکە تێدا ئەنجام دراوە، بواری پراکتیکی لێکۆڵینەوەی کارەکانمان لە ١٥/ ٢٠٢٤/٢ تاکو ٢٠٢٤/٤/١٠ دەستپێکردووە.

## سێیەم /نموونەی توێژینەوە

نمونەی توێژینەوە بریتییە لە گروپە تاکێک کە تەواوی تایبەتمەندیەکانی کۆمەلگای توێژینەوە بگرێتە خۆ بەلام بەبێ دەست تێوەردانی توێژەر، هەروەها نمونەی توێژینەوە ڕەنگدانەوەی گشتی خەسلەتەکانی کۆمەلگای توێژینەوە پێکدێنێت بەلام بە شێوەیەکی بچوککراوە و ڕێژەیەکی جێگیری وەرگیراو لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە. (عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٩).

لە هەلبژاردنی جۆری نمونە توێژەر ئازادنیە کە پشت بەچ جۆرە نمونەیەک دەبەستێت بەڵکو ئەوە کۆمەلگای توێژینەوەکەو جۆری توێژینەوەکە بڕیار لەسەر جۆری نمونە دەدەن، نەوەک خواست وئارەزووی توێژەر، بۆیە کاتێک لیستی ناوی ئەندامانی کۆمەلگا هەبێت ئەوا کاری توێژەر لەدەست نیشانکردنی جۆری نمونە ئاسان دەبێت بەلام کە ناوی ئەندامانی کۆمەلگا نەبێت ئەوا کاری توێژەر ئالۆز دەبێت و ناچارە پشت بە نمونەیەکی نا گەری ببەستێت. (عومەر،٢٠١١، ٢٢٣). لەم توێژینەوەیەدا لەبەر پێویستی بابەتی توێژینەوەکە بەشێوەی (نموونەی هەرەمەکی چینایەتی) هەڵبژێردراوە.

## چوارەم /ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان

### ١_ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

توێژینەوە زانستیەکان پشت بە جۆرەها ئامرازی جۆراوجۆردەبەستن بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان، لەم توێژینەوەیەش توێژەر پشتی بەستوە بە ئامرازی پرسیارنامە، کە پرسیار نامە بریتییە لە کۆمەلە پرسیارەک کە لەسەر بنچینەی ئامانجی توێژینەوە وبە پێی پەیرەوکردنی تیۆر بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە دەیگرێتەبەر. ئامانج لە بەکارهێانی پرسیارنامە بریتییە لە وەرگرتنی زانیاری لەبارەی بابەتی توێژینەوەکە لە تاکێک یاخود ڕووداوێک یان دیاردەیەکی دیاردەیەکی لەبەرچاوگیراو. (موحسنی ، ٢٠٠٦، ٣٩)

پسیارنامە گونجاوترین ئامرازە لە توێژینەوە وەسفیەکاندا پرسە توێژینەوە و توێژینەوەی ڕوپێویەکاندا ،بەجورێک ئەم ئامرازە بەکاردێت کاتێک پێویست بکات زانیاری لەژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەلگای توێژینەوە وەربگرێت .هۆکاری زۆری بەکارهێنانی ئەم ئامرازەش لە توێژینەوە کۆمەلایەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ خەسلەتە باشەکانی ئەم ئامرازە کە خۆی دەبینێتەوە لە کەمکردنەوەی ماندووبونی توێژەر و کەمی تێچووەکانی پرسیارنامەکە و گونجان و ئاسانی مامەلەکردنە ئامارییانە لەگەل داتا و زانیارییەکان(شوانی،٢٠١٥،لا،٣٥٨-٣٥٩).

لەم توێژیەنەوەیە پشت بە پرسیارنامەی داخراو بەستراوە، کە لە (٢٤) پرسیار پێکهاتووە، بۆ هەر پرسیارێک ٣ بژاردە بەردەستن، ئەوانیش (بەلّێ ، تارادەیەک ، نەخێر ).

### ٢_ کەرەستە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

١_ ڕێژەی سەدی $\frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times 100$

٢_ ناوەندە ژمێری $\frac{\text{کۆی (س×ک)}}{\text{کۆی (ک)}}$

## بەشی پێنجەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

**باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان**

**هەرچی ئەنجامەکان پەیوەست بە پرسیارەکانی توێژینەوەکەیە، ئەوا بەشداربووان بە شێوازی خشتەی جیاواز (١ و ٢ و ٣ و هتد.....) وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1_ تەمەن**

**خشتەی (1)**

**تەمەنی ئەندامانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو :**

**تەمەنی**

| تەمەن | دووبارەبوو | ڕێژەیی |
|---|---|---|
| 16_14 | 26 | 52% |
| 19_17 | 24 | 48% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (1) کە تایبەتە بە دیاریکردنی تەمەنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (4_16ساڵ )بوون بە پلەی یەکەم دێت بەڕێژەیی (52%)، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (17_19ساڵ) بوون  بە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەیی(48%) .

**ناوەندە ژمێری** $= \frac{\text{کۆی (س×ک)}}{\text{کۆی (ک)}} = \frac{822}{50} = 16.44$ تەمەنی بەشداربوو

2_ ڕەگەز

خشتەی (2)

ڕەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو:

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەیی |
|---|---|---|
| نێر | 25 | 50% |
| مێ | 25 | 50% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (2) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەم توێژینەوەیە بەگشتی (50) کەس بەشداری کردووە، ڕەگەزی (نێر) ژمارەیان بریتییە لە (25) بەشداربوو بە ڕێژەیی (50%)، هەروەها ڕەگەزی (مێ) ژمارەیان بریتییە لە (25) بەشداربوو بە ڕێژەیی (50%).

3_ قۆناغی ئامادەیی

خشتەی(3)

قۆناغی ئامادەیی ئەندامانی توێژینەوەکە دەخاتەروو:

| قۆناغی ئامادەیی | ژمارە | ڕێژەیی |
|---|---|---|
| زانستی | 25 | 50% |
| وێژەیی | 25 | 50% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (3)کە قۆناغی ئامادەیی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوانەی لە قۆناغی زانستین ڕێژەی (50%)پێکدێن، هەرووها ئەوانەی لە قۆناغی وێژەین ڕێژەی (50%)پێکدێنن.

4_ باری ئــابووری

**خشتەی(4)**

**باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو:**

| ڕێژەیی | ژمارە | باری ئــابووری |
|---|---|---|
| 16% | 8 | زۆرباش |
| 52% | 26 | باش |
| 30% | 15 | ناوەند |
| 2% | 1 | خراپ |
| 100% | 50 | کۆی گشتی |

لەخشتەی(4)بۆمان دەردەکەوییت، ئەو قوتابیانەی کە باری ئابوریان (باش)ە ژمارەیان (26) ڕێژەی (52%)پێکدێنن بە پلەی یەکەم دێت، ئەو قوتابیانەی کە باری ئابووریان (ناوەندە) ژمارەیان(15)ڕێژەی (30%)پێکدێنن بە پلەی دووەم دێن، ئەو قوتابیانەی باری ئابووریا (زۆرباشە)ژمارەیان(8)ڕێژەی(16%)پێکدێنن بە پلەی سێیەم دێن،ئەو قوتابیانەی باری ئابووریان (خراپە)ژمارەیان (1)ڕێژەی (2%)پێک دێنن بە پلەی چوارەم دێن.

**باسی دووەم/خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکان**

5_ ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێگەیاندنی تاکی کۆمەڵگا

خشتەی (5)

دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک

| ڕێژەیی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 68% | 34 | بەڵی |
| 30% | 15 | تارادەیەک |
| 2% | 1 | نەخێر |
| 100% | 50 | کۆی گشتی |

له خشتەی (5) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (34)بەشداربوو بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە لە بارەی ئەوەی کە دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکی کۆمەڵگا هەیە ڕێژەیی (68%) پێکدێنن کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها(15) بەشداربوو وەڵامەکانیان بە (تاڕادەیەک ) بوو ڕێژەیی (30%) پێکدێنن کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها(1) بەشداربوو وەڵامی (نەخێر) بوو ڕێژەیی (2%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت. چونکە تاک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە سود وەردەگرێ لە دامەزراوەکانی وەکو قوتابخانە، خێزان و هاوڕێ.

6_ ڕەنگدانەوەی دامەزراوەی پەروەردەیی لەسەر ڕەفتاری قوتابیان

خشتەی(6)

دامەزراوەیی پەروەردەیی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری قوتابیان هەیە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 40 | 80% |
| تارادەیەک | 8 | 16% |
| نەخێر | 2 | 4% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

له خشتەی (6) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (40) بەشداربوو بە (بەڵێ ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە دامەزراوەیی پەروەردەیی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری قوتابیان هەیە ڕێژەیی (80%) پێکدێنێت بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (8) بەشداربوو وەڵامەکانیان بە (تاڕادەیەک) بوو ڕێژەیی (16%) پێکدێنێت بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (2) بەشداربوو وەڵامەکانیان بە (نەخێر) بوو ڕێژەیی (4%) پێکدێنێت پلەی سێیەم دێت. چونکە قوتابخانە ئەرکی پەروەردەو فێرکردنی لە ئەستۆیە بۆیە دەبێتە ناوەندێکی سودبەخش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

**7_ دامەزراوەیی پەروەردەیی و هۆشیارکردنەوەی ڕەفتاری تاک**

**خشتەی (7)**

**دامەزراوەیی پەروەردەیی ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی ڕەفتاری تاک هەیە**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 28 | 56% |
| تاڕادەیەک | 14 | 28% |
| نەخێر | 8 | 16% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (7) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (28) بەشداربوو بە (بەڵێ ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە دامەزراوەی پەروەردەیی ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی ڕەفتاری تاک هەیە ڕێژەیی (56%) پێکدێنێت بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (14) بەشداربوو وەڵامەکانیان (تاڕادەیەک )بوو ڕێژەیی (28%) پێکدێنێت بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (8) بەشداربوو وەڵامەکانیان (نەخێر )ە ڕێژەیی (16%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت. چونکە دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی دەگێرن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕەفتاری لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگادا.

8_ ژینگەی قوتابخانەو ڕەنگدانەوەی لەسەر باری دەروونی قوتابیان

خشتەی(8)

ژینگەی قوتابخانە کەشێکی لەباری دەروونی بۆ قوتابیان دابین دەکات

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 25 | 50% |
| تاڕادەیەک | 16 | 18% |
| نەخێر | 9 | 32% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لەخشتەی (8) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (25) بەشداربوو بە (بەڵێ ) وەڵامیان داوتەوە لەبارەی ئەوەی کە ژینگەی قوتابخانە کەشێکی لەباری دەروونی بۆ قوتابیان دابین دەکا ڕێژەی (50%) پێکدێنێت کە بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها (16) بەشداروو وەڵامەکانیان بە (تاڕاەیەک) بوو ڕێژەیی (32%)پێکدێنێت کەبە پلەی دووەم دێت، هەروەها (9) بەشداربوو بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیی (18%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت. چونکە ژینگە لە هەر شوێنێک بێت کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی تاکەکان دروست دەکات، قوتابخانەش یەکێکە لەو شوێنانەی کاریگەری هەیە لەسەر ئاسودەی تاکەکان.

9_ ژینگەی قوتابخانە میکانیزمێکە بۆ پرۆسەی فێربوون

خشتەی(9)

ژینگەی قوتابخانە میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ پرۆسەی فێربوون

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 34 | 68% |
| تاڕادەیەک | 13 | 26% |
| نەخێر | 3 | 6% |
| کۆی گستی | 50 | 100% |

لە خشتەی (9) بۆمان ڕوو دەبێتەوە کە (34) بەشداربوو بە (بەڵێ ) وەڵامیان داوەتەوە دەربارەی ئەوەی کە ژینگەی قوتابخانە میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ پرۆسەی فێربوون ڕێژەیی (68%) پێکدێنێتکە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (13)بەشداربوو دەنگیان بە (تاڕادەیک) داوە ڕێژەیی (26%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (3) بەشداربوو دەنگیان بە(نەخێر) داوە ڕێژەیی (6%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت. چونکە قوتابخانە وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوون و پەروەدەو ڕۆشنبیرکردنی قوتابیان هەیە.

10_ پڕۆگرامەکانی خوێندن و بواری کارکردن

خشتەی (10)

**پەیڕەو پڕۆگرامەکانی خوێندن قوتابی ئامادە دەکات بۆ بواری کارکردن**

| ڕێژەیی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 54% | 27 | بەڵێ |
| 32% | 16 | تارادەیەک |
| 14% | 7 | نەخێر |
| 100% | 50 | کۆی گشتی |

**لە خشتە(10) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (27) بەشداربوو بە (بەڵێ ) وەڵامیان داوەتەوە لە بارەی ئەوەی کە پەیڕەو پڕۆگرامەکانی خوێندن قوتابی ئامادە دەکات بۆ بواری کارکردن ڕێژەی (54%)پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت ، هەروەها (16)بەشداربوو دەنگیان بە (تاڕادەیەک) داوە ڕێژەیی (32%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت،هەروەها (7)بەشداربوو دەنگیان بە(نەخێر) داوە ڕێژەیی (14%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت. چونکە پرۆسەی فێربوون ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ لە دواڕۆژ کارێک بدۆزێتەوە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگادا دیاری بکا.**

**خشتەی (11)**

**کواڵیتی پەروەردە توانا هزریەکانی تاک پەرەپێدەدات**

| ڕێژەیی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 62% | 31 | بەڵێ |
| 22% | 11 | تاڕادەیەک |
| 16% | 8 | نەخێر |
| 100% | 50 | کۆی گشتی |

**لە خشتەی (11) بۆمان روون دەبێتەوە کە(31) بەشداربوو بە (بەڵێ) وەلامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە پێیان وایە کواڵیتی پەروەردە توانا هزریەکانی تاک پەرەپێدەدات ڕێژەی (62%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (11) بەشداربوو بە (تاڕادەیەک) وەلامیان داوەتەوە**

ڕێژەیی (22%) پێکدێنێت بە پلەی دووەم دێت، هەروەها(8) بەشدار بوو وەلامیان بە (نەخێر) بوو ڕێژەی (16%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێ یەم دێت.

12_ دامەزراوەی قوتابخانەو بەدەست هێنانی بروانە

خشتەی (12)

دامەزراوەی قوتابخانە ئامرازێکە بۆ بەدەست هێنانی بروانە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 41 | 82% |
| تاڕادەیەک | 5 | 10% |
| نەخێر | 4 | 8% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لەخشەتەی (12)بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (41) بەشدار بوو بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە دامەزراوەی قوتابخانە ئامرازێکە بۆ بەدەست هێنانی بروانە ڕێژەیی (82%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (5) بەشداربوو وەڵامیان (تاڕادەیەک)بوو ڕێژەیی (10%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت ،هەروەها (4) بەشدار بوو وەلامیان (نەخێر )بووڕێژەیی (8%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

13_ ئامادەسازی توێژەر لە بەهێز کردنی پێگەی نێوان دامەزراوەی خێزان و قوتابخانە

**خشتەی(13)**

**توێژەر لە قوتابخانەکا ئامادەسازی کردووە لە بەهێز کردنی پێگەی نێوان دامەزراوەی خێزان و قوتابخانە**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | **24** | **48%** |
| **نەخێر** | **19** | **38%** |
| **تارادەیەک** | **7** | **14%** |
| **کۆی گشتی** | **50** | **100%** |

**لە خشتەی ژمارە (13 )بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (24) بەشدار بوو وەڵامیان بە (بەڵێ) داوە لە بارەی ئەوەی کە توێژەر لە قوتابخانەکا ئامادەسازی کردووە لە بە هێز کردنی پێگەی نێوان دامەزراوەی خێزان و قوتابخانە ڕێژەیی (48%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (19)بەشدار بوو وەلامیان (تاڕادەیەک) بوو ڕێژەیی (38%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت هەروەها (7)بەشداربوو وەلامیان (نەخێر) بوو ڕێژەیی (14%)پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.**

**14_ چالاکییەکانی قوتابخانە لە پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی قوتابی**

**خشتەی (14)**

قوتابخانە لە ڕێگای چالاکیە جۆراو جۆرەکانیەوە بۆشاییە دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی قوتابی پڕدەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 31 | 62% |
| تاڕادەیەک | 11 | 22% |
| نەخێر | 8 | 16% |
| کۆی گستی | 50 | 100% |

لە خشتەی (14) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (31) بەشداربوو بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە قوتابخانە لە ڕێگای چالاکیە جۆراو جۆرەکانیەوە بۆشاییە دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی قوتابی پڕدەکاتەوە ڕێژەیی (62%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت هەروەها (11) بەشدار بوو وەڵامیان (تاڕادەیەک)بوو ڕێژەیی (22%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها(8)بەشداربوو وەڵامیان (نەخێر )بوو ڕێژەیی (16%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

15_ بەرزدەکەنەوەی ئاستی هۆشیاری بەرامبەر ڕەفتارە نەڕێنیەکان لەلایەن مامۆستایان

خشتەی (15)

مامۆستایان ئاستی هۆشیاری قوتابیان بەرزدەکەنەوە بەرامبەر ڕەفتارە نەڕێنیەکان

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 19 | 38% |
| تاڕادەیەک | 22 | 44% |
| نەخێر | 9 | 18% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

**لە خشتەی (15) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (19)بەشداربوو بە (بەلێ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە مامۆستایان ئاستی هۆشیاری قوتابیان بەرزدەکەنەوە بەرامبەر ڕەفتارە نەڕێنیەکان ڕێژەیی (38%)پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (22)بەشداربوو وەڵامیان (تاڕادەیەک) بوو ڕێژەیی (44%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەمدێت، هەروەها(9)بەشدار بوو وەڵامیان(نەخێر) بوو ڕێژەیی (18) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.**

**16_ بەرپرسیاریەتی دامەزراوەی قوتابخانە لە دروستکردنی ڕەفتاری تەندروستی قوتابی**

**خشتەی (16)**

دامەزراوەی قوتابخانە بەرپرسیاریەتی یەکەم دەگرێتە ئەستۆ لە دروستکردنی ڕەفتاری تەندروستی قوتابی

| ریژەیی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 44% | 22 | بەڵی |
| 45% | 19 | تاڕادەیەک |
| 18% | 9 | نەخیر |
| 100% | 50 | کۆی گشتی |

لە خشتەی(16)بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (22) بەشداربوو بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە دامەزراوەی قوتابخانە بەرپرسیاریەتی یەکەم دەگرێتە ئەستۆ لە دروستکردنی ڕەفتاری تەندروستی قوتابی ڕێژەیی (45%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها(19) بەشداربوو وەڵامیان (تاڕادەیەک)بووڕێژەیی (38%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (9)بەشدار بوو وەڵامیان (نەخێر) بوو ڕێژەیی (18%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

**17_ بابەتەکانی خوێندن و جێگرکردنی بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا**

**خشتەی (17)**

**ئەو بابەتانەی لە قوتابخانە دەخوێندرێت گرنگی بە بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا داوە**

| ڕێژەیی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 60% | 30 | بەڵێ |
| 18% | 9 | تارادەیەک |
| 22% | 11 | نەخیر |
| 100% | 50 | کۆی گشتی |

له خشتەی(17) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (30)بەشداربوو بە (بەڵێ) وەلامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە ئەو بابەتانەی لە قوتابخانە دەخوێندرێت گرنگی بە بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا داوە ڕێژەی(60%) پێکدێت کە بە پلەی یەکەم دێت،هەروەها (11)بەشدار بوو وەلامیان (نەخێر)بوە ڕێژەی(22%)پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (9)بەشدار بوو وەڵامیان (تاڕادەیەک ) بوو ڕێژەیی (18%)پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

18_ هەستکردن بە ئارستەی پێچەوانە لە نێوان ژینگەی هاوڕێیەتی و خێزاندا

خشتەی (18)

هەست بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەکەی لە نێوان ژینگەی هاوڕێیەتی و خێزانەکەت لە نواندنی ڕەفتارەکەت

| وەڵام | ژمارە | ریژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵی | 18 | 36% |
| تاڕادەیەک | 11 | 22% |
| نەخێر | 21 | 42% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

**له خشتەی (18)بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (21) بەشداربوو بە (نەخێر ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە هەست بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەکەی لە نێوان ژینگەی هاوڕێیەتی و خێزانەکەت لە نواندنی ڕەفتارەکەت ڕێژەیی (42%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (18)بەشدار بوو وەڵامیان (بەڵێ)بوو ڕێژەیی (36%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (11) بەشدار بوو وەڵامیان (تاڕادەیەک )بوو ڕێژەیی (22%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.**

**19_ هەستکردن بە ئاسودەیی لەنێو بیناسازی قوتابخانە**

**خشتەی (19)**

هەست بە ئاسودەی دەکەن لە نێو بیناسازی قوتابخانەکە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 25 | 50% |
| تاڕادەیەک | 7 | 14% |
| نەخێر | 18 | 36% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لەخشتەی ( 19)بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (25)بەشداربوو بە (بەڵێ) وەلامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە هەست بە ئاسودەی دەکەن لە نێو بیناسازی قوتابخانەکە ڕێژەیی (% 50)پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (18)بەشداربوو وەلامیان (نەخێر)بوو ڕێژەی (36%)پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (7) بەشداربوو وەلامی (تاڕادەیەک) بوو ڕێژەیی (14%)پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

20_ پابەندی ڕێزگرتنی قوتابیان بە ستافی کارگێری

**خشتەی(20)**

**پابەندی بەڕێزگرتنی ستافی کارگێڕی قوتابخانەکەت**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 35 | 70% |
| تاڕادەیەک | 12 | 24% |
| نەخێر | 3 | 6% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (20) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (35) بەشدار بوو بە (بەڵێ) وەلامیان داوەتەوە لە بارەی ئەوەی کە پابەندی بەڕێزگرتنی ستافی کارگێڕی قوتابخانەکەت ڕێژەیی (70%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (12) بەشداربوو وەلامیان (تاڕادەیەک) بوو ڕێژەیی (24%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (3) بەشدار بوو وەلامیان (نەخێر) بوو ڕێژەیی (6%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

21_ خێزان بەرهەمی درووستکردنی تاکێکی تەندرووستە

خشتەی (21)

پێتوایە خێزان وەک گرنگترین دامەزراوەی پەروەردە بەرهەمی درووستکردنی تاکێکی تەندروستە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 27 | 54% |
| تاڕادەک | 15 | 30% |
| نەخێر | 8 | 16% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (21) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (27) بەشداربوو بە (بەڵێ ) وەڵامیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە پێتوایە خێزان وەک گرنگترین دامەزراوەی پەروەردە بەرهەمی درووستکردنی تاکێکی تەندروستە ڕێژەیی (54%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (15) بەشداربوو دەنگیان بە (تاڕادەیەک) داوە ڕێژەیی (30%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (8) بشداربوو دەنگیان بە (نەخێر) داوە ڕێژەیی (16%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

22_ خێزانی هۆشیاری ڕەفتاری لای تاک دروستدەکات

خشتەی (22)

خێزان توانای درووستکردنی هۆشیارییەکی ڕەفتاری لای تاک هەیە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | 72% |
| تاڕادەیەک | 10 | 10% |
| نەخێر | 4 | 8% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

لە خشتەی (22) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (36) بەشداربوو بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە دەربارەی ئەوەی کە خێزان توانای درووستکردنی هۆشیارییەکی ڕەفتاری لای تاک هەیە ڕێژەیی (72%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (10) بەشداربوو دەنگیان بە (تاڕادەیەک) داوە ڕێژەیی (20%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (4) بەشداربوو دەنگیان بە (نەخێر)داوە ڕێژەیی (8%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.

23_ خێزان داینەمۆی ڕەفتارییەکانی تاکە لە ژیانی ڕۆژانەدا

**خشتەی (23)**

خێزان داینەمۆی پاڵنەرە ڕەفتارییەکانی تاک لە ممارەسەکردنی ژیانی ڕۆژانەدا

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 38 | 76% |
| تاڕادەیەک | 5 | 10% |
| نەخێر | 7 | 14% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

له خشتەی (23) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (38) بەشداربوو بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە دەربارەی ئەوەی کە خێزان داینەمۆی پاڵنەرە ڕەفتارییەکانی تاکە لە ممارەسەکردنی ژیانی ڕۆژانەدا ڕێژەی (76%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت،ە هەروەها (7) بەشداربوو دەنگیان بە (نەخێر) داوە ڕێژەیی (14) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (5) بەشداربوو دەنگیان بە (تاڕادەیەک) داوە ڕێژەیی (10%) پێکدێنێت کە پلەی سێیەم دێت.

## 24_ بەرپرسیارییەتی قوتابی لە پەرەپێدان و باشترکردنی ڕەفتاری خۆی

**خشتەی (24)**

**قوتابی بەرپرسیارەتی دەکەوێتە ئەستۆ لە پەرەپێدان و بەرەو باشترکردنی ڕەفتاڕی خۆی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 37 | 76% |
| تاڕادەیەک | 9 | 18% |
| نەخێر | 4 | 8% |
| کۆی گشتی | 50 | 100% |

**له خشتەی (24) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (37) بەشداربوو بە (بەڵێ) وەڵامیا داوەتەوە دەربارەی ئەوەی کە قوتابی بەرپرسیارەتی دەکەوێتە ئەستۆ لە پەرەپێدان و بەرەو باشترکردنی ڕەفتاڕی خۆی ڕێژەیی (37%) پێکدێنێت کە بە پلەی یەکەم دێت ، هەروەها (9) بەشداربوو دەنگیان بە (تاڕادەیەک) داوە ڕێژەیی (18%) پێکدێنێت کە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (4) بەشداربوو دەنگیان بە (نەخێر) داوە ڕێژەیی (8%) پێکدێنێت کە بە پلەی سێیەم دێت.**

## باسی سێیەم/ ئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان

### دەرئەنجام:

**هەر توێژینەوەیەکی زانسنی دەبێت چەند ئەنجامێکی دەست بکەوێت کە نیشاندەری ڕاستی توێژینەوەکەیە.....**

١_ ئەنجامەکان دەریدەخەن کە دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێگەیاندنی تاکی کۆمەڵگا هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی ڕەفتارەکانیان.

٢_ ئەنجامەکان پیشانی دەدەن کە قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ڕۆڵی لە پەروەردە و فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ڕەفتاڕی قوتابیان هەیە.

٣_ زۆربەی بەشداربوانی توێژینەوەکە بۆ چوونیان وایە، کە ژینگەی قوتابخانە لە ڕێگای پەیڕەو پرۆگرامەکانیەوە توانا هزرییەکانی تاک پەرەپێدەدات و ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز دەکاتەوە، هەروەها کەشێکی لە باری دەروونی بۆ قووتابیان دابین دەکات.

٤_ هەروەها ئەندامانی نموونەی توێژینەوە باوەڕیان وایە توێژەر لە قوتابخانەدا ئامادەسازی کردووە لە بەهێزکردنی پێگەی نێوان دامەزراوەی خێزان و قوتابخانە.

٥_ هەروەها بە بۆچوونی زۆرینە پێیان وایە، ئەو بابەتانەی لە قوتابخانە دەخوێندرێت گرنگی بە بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا داوە.

٦_ زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە، کە مامۆستایان ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشداری قوتابیان هەیە بەرامبەر ڕەفتارە نەرێنییەکان.

٧- خێزان وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بەرهەمی درووستکردنی تاکێکی تەندروستە، هەروەها ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی ڕەفتاری تاک هەیە.

## پێشنیارەکانی توێژینەوە:

لە شیکردنەوەو تێگەیشتن لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا، دەتوانین چەند پێشنیارێک بخەینەڕوو بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندی دارەکان بتوانن ڕۆڵ و کاریگەری زیاتریان هەبێت وەک.....

١_ وەزارەتی پەروەردە کار بۆ گەشەپێدان و پەروەردەکردنی نەوەیەکی شارستانی و فێرخوازو خاوەن بیرو هۆشێکی ئاست بەرز بکات کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لە درووستکردنی کۆمەڵگا.

٢_ پێشکەشکردنی سیمینارو وانەی تایبەت بۆ خێزان لەسەر شێوازە دروست و گونجاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

٣_ هۆشداری بدرێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بۆ دایک و باوکان لەسەر شێوازە گونجاوەکانی مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا.

٤_ وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرچاو ڕوونی زیاتری هەبێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان تا سودی لێ وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورتیەکانی لایەنی پەروەردە.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

١_ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە گرنگی پەروەدەی خێزان لە گەشپێدانی تاک دا.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی چۆنایەتی دەربارەی ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی لەسەر هۆشیارکردنەوەی ڕەفتاری تاک دا.

٣_ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی دەرئەنجامەکانی پەراوێز خستنی منداڵ.

٤_ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کاریگەری پەیوەندی هاوڕێیەتی وڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری قوتابیان لە قوتابخانە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی

١_ بەدەوی، ئەحمەد زەکی . (٢٠٢٠) فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، و: محمد فاتیح ، هەولێر.

٢_ ئامێدییان ، فەخرەدین . (٢٠١٣) فەرهەنگی شـیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسـی، چاپخانەی شەمیس ، سنە.

٣_ صدیق ، فوئاد . (٢٠١٥) دەروونزانی کۆمەڵایەتی، هەولیر.

٤_ دکتۆرە سـەمیرە . (٢٠٠٦) فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسـی ، و : خەسـرەو میرا و دەولی، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی.

٥_ ناصر ، ابراهیم .(٢٠٢٠) زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی ، و: دانا نادر محمد ، چ٣، هەولێر.

٦_ موحسنی ، مەنوچێهر (٢٠٠٦) ، دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، و: ڕێبوار سیوەلی و ئەوانی تر ، چ٢ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧_ ووسوقی ، مەنسور . خەلق ، عەلی ئەکبەر.(٢٠١٣) بنەماکنی کۆمەڵناسی ، و: سیروان محمد حاجی ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر.

٨_ ئەلعەوالمە، حابس . مزاهرە ، ئەمین (٢٠١٣) سایکۆلۆژیای منداڵ ، و: ئامانج محمد ، هەولێر.

٩_ عبدالله، محمد بن محمود .(٢٠١٤) دەروونزانی کۆمەڵایەتی ، و : ئارام ئەمین شوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

١٠_ د. العوامە، ایمن فراهر .(٢٠١٣) دەروونزانی منداڵ ،و: اسماعیل مغروف ،چاپخانەی تیشک، هەولێر.

١١_ گیدنز ، ئەنتونی (٢٠٠٩)، کۆمەڵناسی ، و:حەسەن ئەحمەد مستەفا ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر.

١٢_ سیوەلی و ئەوانی تر ، (٢٠١٥) پەروەردە لە تیهزنی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا ، چاپخانەی پەنجەرە ، هەولێر.

١٣_ قەرەچەتانی، کەریم شەریف .(٢٠٠٨) سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار )، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١٤_ ئەلحەسەن، ئیحسان محمد (٢٠١١٢) ئینسکایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی سەردەم.

**١٥_ عومەر، مەعن خەلیل (٢٠١٢)میتودەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: محەمەد شوانی ،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.**

**١٦_ شوانی، محەمەد (٢٠١٥)سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا ،چاپخانەی هێڤی _هەولێر.**

**١٧_ عومەر،مەعن خەلیل (٢٠١١)ڕێبازەکانی توێژینەوە کۆمەڵناسیدا، و: زیرەک ئەحمەد ڕەحمان،چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر.**

**١٨_ موحسنی،مەنۆجێهر (٢٠٠٧)دەروازەکانی کۆمەڵناسی ،و: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، چاپی سێیەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس ،هەولێر.**

**١٩_ معایتە، خەلیل عبدالرحمان. (٢٠١٣) دەروونناسی کۆمەلایەتی ، و: سەلاح سەعدی، چاپخانەی نارین، هەولێر.**

## سەرچاوەی عەرەبی

**١- شهاب ، بهيجة احمد . (١٩٨٢) المدخل الخدمة الاجتماعية ،مطعبة مديرية دار الكتب للطباعة والنشر ، الموصل.**

**٢-ناصر ، ابراهيم . (١٩٨٠) المقدمة في التربية ،جمعية عمال المطابع التعاونية ، عمان.**

**٣- وين ، رالف . (١٩٦٤) قاموس جون ديوى (مختارات من مؤلفات) ،ترجمة : د.محمد على العريان ، مؤسسة والنشر ، القاهرة.**

**٤- ابراهيم ، مجدى عزيز . (٢٠٠٩) مجمع مصطلحات ومفاهيموالتعليم ، القاهره ، مصر.**

**٥- كامل ،هبه . (٢٠١٧) مفهوم المؤسسة التربوية بواسطة.**

**٦- شريم ، صفاء. (٢٠١٦) التعريف المؤسسة التربوية ، قاهره.**

**مشعل ، طلال (٢٠١٨) ما اهميه المدرسه مكتبه النهظيه ، المصريه ، القاهره ، مصر**

**٧_ ابو سريع ، السامة سعد .(١٩٩٣) الصداقه من منظور علم النفس ، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني ،الكويت.**

٨_ نلصر ، ابراهيم عبدالله . (٢٠١١) علم اجتماع التربوى، عمان.

**٩_ عطية ، عماد محمد .(٢٠١٦) ، مدخل في أصول التربية ، الرياض.**

**١٠_ سناء عبد الوهاب الكبيسي.(٢٠١٦) التنشئة الاجتماعية للطفل ودور الأسرة فيها، عمان، الاردن.**

١١_ همشري،عمر احمد (٢٠١٣) التنشئة الاجتماعية للطفل،ط٢ ،دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

١٢_ عامر ، مصباح .(٢٠٠٣) التنشئة الاجتماعية والسلوك الإنحرافي لتلميذ المدرسة الثانوية ،دار الأمة ،الجزائر.

**نامەی ماستەرو دکتۆرا**

١-حسين ، سيروان عاصي . (٢٠١٥) ڕۆڵی خوێندنگا ئامادەییەکان لە جێگیرکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان دا ،توێژینەویەکی مەیدانیە لە قەزای کەلار ،نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە )، زانکۆی سلاحەدین _ کۆلێژی ئاداب ،هەولێر.

٢-اسماعيل ، قەشەنگ احمد . (٢٠١٦) تێڕوانینی قووتابیانی ئامادەیی بۆ ڕۆڵی دەزگا پەروەردەییەکان لە چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان ،توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە ناوەندی شاری هەولێر ، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە) ، زانکۆی سەلاحەدین _ کۆلێژی ئاداب ، هەولێر.

٣- حمد ، عبداللة اسماعيل . (٢٠٠٢) دور المؤسسات التربوية في بناء شخصية الطفل (دراسة ميدانية في مدينة اربيل ، الي مجلس كلية الاداب في جامعة صلاح الدين.

٤-مساعدية ، حنان . (٢٠٢٠) دور المجال المدرسي في التنشة الاجتماعية ، دراسة ميدانية في جزائير ، الي مجلس كلية محمد خيضر بسكرة.

٥- Larwence , A . s . Arul . (2012) the relationship between educational institutions of an individuals personality , 3 article 22 iss, nanguneri, indian..

# پاشکۆکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

کۆلێژی ئاداب ـ بەشی کۆمەڵناسی

## فۆڕمی ڕاپرسی

قوتابی ئازیز ......

ئەم فۆرمەی لەبەردەستە بریتیە لە چەند پرسیارێک بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بە ناونیشانی (ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک ) وەڵامدانەوەت بە شێوەیەکی درووست و بابەتی جێگای ڕێز و پێزانینە و خزمەتکردنی ڕەوتی زانستی و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

تێبینی //

پێویست بە ناو نووسین ناکات .

تەنیا یەک وەڵام هەڵبژێرە .

نیشانەی (✓) لەگەڵ بژاردەی گونجاو دابنێ.

توێژەران:

سارا شێروان هەینی

سۆزان صباح سلێمان

سەرپەرشتیار:

م.ی / روستم صابیر مصطفی

**پرسیارە گشتیەکان**

١- تەمەن (    )

٢-ڕەگەز نێر (  ) مێ (  )

٣- قۆناغی ئامادەیی  زانستی (    ) وێژەیی (    )

٤- باری ئابوری   أ. زۆر باش (    )  ، ب. باش (    ) ،ج. ناوەند (    )  ، د. خراپ (    ) .

| ژ | برگەکان | بەلێ | تاڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێگەیاندنی تاکی کۆمەڵگا هەیە | | | |
| ٦ | دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەنگدانەوەی لەسەر  رەفتارەکانی قوتابیان هەیە | | | |
| ٧ | دامەزراوەی پەروەردەی ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی رەفتاری تاک هەیە | | | |
| ٨ | ژینگەی قوتابخانە کەشێکی لەباری دەروونی بۆ قوتابیان دابین دەکات | | | |
| ٩ | ژینگەی قوتابخانە میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ پرۆسەی فێربوون | | | |
| ١٠ | پەیڕەو پرۆگرامەکانی خوێندن قوتابی ئامادە دەکات بۆ بواری کارکردن | | | |
| ١١ | پێتوایە کوالیتی پەروەردە توانا هزرییەکانی تاک پەرەپێدەدات | | | |
| ١٢ | دامەزراوەی قوتابخانە ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی بروانامە | | | |
| ١٣ | توێژەر لە قوتابخانەکان  ئامادەسازی کردووە لە بەهێزکردنی پێگەی نێوان دامەزراوەی خێزان و قوتابخانە | | | |
| ١٤ | قوتابخانە لە ڕێگای چالاکیە جۆراوجۆرەکانیەوە بۆشاییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی قوتابی پڕ ئەکاتەوە | | | |
| ١٥ | مامۆستایان ئاستی هۆشداری قوتابیان بەرزدەکەنەوە بەرامبەر ڕەفتارە نەرێنیەکان | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | دامەزراوەی قوتابخانە بەرپرسیارییەتی یەکەم دەگرێتە ئەستۆ لە دروستکردنی ڕەفتاری تەندروستی قوتابی | ١٦ |
| | | | ئەو بابەتانەی لە قوتابخانە دەخوێندرێت گرنگی بە بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا داوە | ١٧ |
| | | | هەست بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەکەی لە نێوان ژینگەی هاوڕێیەتی و خێزانەکەت لە نواندنی ڕەفتارەکەت | ١٨ |
| | | | هەست بە ئاسودەیی دەکەی لە شێوازی بیناسازی قوتابخانەکەت | ١٩ |
| | | | پابەندی بەڕێزگرتنی ستافی کارگێری قوتابخانەکەت | ٢٠ |
| | | | پێتوایە خێزان وەک گرنگترین دامەزراوەی پەروەردە بەرهەمی درووستکردنی تاکێکی تەندروستە | ٢١ |
| | | | خێزان توانای درووستکردنی هۆشیارییەکی ڕەفتاری لای تاک هەیە | ٢٢ |
| | | | خێزان داینەمۆی پاڵنەرە ڕەفتارییەکانی تاک لە ممارەسەکردنی ژیانی ڕۆژانەدا | ٢٣ |
| | | | قوتابی بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ لە پەرەپێدان و بەرەو باشترکردنی ڕەفتاری خۆی | ٢٤ |